# تێروانینێکی نوێ بۆ هەردوو دیاردەی ( دەنگەگۆرکێ )و( سووان )ی دەنگی ( د ) لە شێوە زاری سلێمانیدا

پ.د.دڵشاد عەلی

بەشی کوردی /کۆلێژی زمان/زانکۆی سلێمانی

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە ، گەڵاڵەکردنی بۆچوونێکی نوێیە دەربارەی دەنگی (د) لە شێوەزاری سلێمانیدا کە لیکۆڵەرانمان لەناو بازنەی دیاردە فۆنەتێکی و فۆنۆلۆژیەکاندا بە گشتی و لە ژێر هەردوو چەمکی دیاردەی (دەنگەگۆرکێ)و دیاردەی (سووان)دا بەتایبەتی ، ئاوریان لێداوەتەوەو تێروانینیان دەربارەی خستووەتە بەر دەست

سروشتی لێکۆڵینەوەکەش بۆخۆی ، پێویستی بەوە بووە کە ئاور لە هەندێ دەقی نووسراومان بدەینەوە، بەتایبەتیش ئەو دەقانەی تا ئێستا نەبوونەتە جێی بایەخ پێدانی زمانەوانەکانمان

بە ئاوردانەوەشمان لەو دەقانە ، کە هەندێکیان پێش بنیاتنانی شاری سلێمانی بەرهەم هێنراون و نووسراونەتەوە ، دەمانەوی لە چوارچێوەی رێبازی وەسفیدا ، تێروانینێکی نوێ دەربارەی هەردوو دیاردەی (دەنگەگۆرکێ)و(سووان)ی دەنگی (د) لە کرمانجی خوارووا بە گستی و لە شێوە زاری سلێمانیدا بەتایبەتی ، بخەینە بەردەست

هەر لێرەوە ، بە پێی ئەو ئامانجەو لە پێناو گەیشت بە کۆمەڵێ ئەنجامی زانستانەی نوێش ، پلانی لێکۆڵینەوەکەمان بەم شێوەیە دارشتووە :

لە بەشی یەکەمدا کە بەناونیشانی (دەنگی (د) لە ژێر چەمکی (دەنگەگۆرکێ)دا یە ، ئاورمان لەهەندێ لەو شانە داوەتەوە کە لێکۆڵەرانمان وەك نموونەی دیاردەکە خستوونیاننەتە بەردەست و ئێمەش تێروانینی نویمان دەربارەیان و دەربارەی خودی دیاردەی (دەنگەگورکی)ش تیایدا گەلالە کردووە

لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەشمان کە بەناونیشانی (دەنگی (د) لە ژێر چەمکی (سووان)دا)یە ، لە دوو پاردا بۆچوونی خۆمان دەربارەی دەنگی(د)لە بازنەی دیاردەی (سووان)دا بەگشتی و دەربارەی هەردوو نیشانەی (دە)و(ئە)ی رانەبردووو رابردووی بەردەوامیش خستووەتە بەردەست

لە کۆتایشدا ئەو ئەنجامە دیارانەمان خستووەتە روو کە لێکۆڵینەوەکەمان پێیان گەیشتووە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**بەشی یەکەم : دەنگی(د) لە ژێر چەمکی (دەنگەگۆرکێ)دا :**

یەکێ لەو باسانەی کە لێکۆڵەرانی بواری فۆنۆلوژی بەگشتی و لێکۆڵەرانی بواری زارو شێوەزارەکانی زمانی کوردی بەتایبەتی ، بایەخیان پێداوە ، ئەو دیاردەیەیە کە بە (دەنگەگۆرکێ) ناسێنراوە ، کە مەبەست لێی (دیاردەی گۆرینی دەنگێ یان زیاتری وشەی سەر بەزارێك یان شێوە زارێکی زمانی کوردی بووە لە زارو شێوەزارەکانی تری زمانی کوردیدا ، بێ ئەوەی واتاکەی گۆررابێت)(١) ، بەواتەیەکی تر چەمکی (دەنگە گۆرکێ) ئەو وشانە لەخۆدەگرێت کە بە فۆرمی جیاوازەوەو بەهەمان واتا لە زاروشێوەزارەکانی زمانێکدا بەکاردەهێنرێن

یەکێ لەو لێکۆڵەرانەی زمانی کوردی کە لە روانگەی ئەم چەمکەو هەندێ چەمکی ترەوە لە دەنگی(د) ی لە شێوەزاری سلێمانیدا روانیوە ، (د.ئەورەحمانی حاجی مارف)بووە و راشی وا بووە کە : (( لە نێو بازنەی دیاردە جۆربەجۆرە(فۆنەتیکی)و(فۆنۆلۆژی)یەکانی شێوەی سلێمانیدا دەنگی (د) فۆنیمێکی یەکجار بەرچاوو سەرنج راکێشە .... ئەوەتا لەو یاسا هەمەچەشنانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێ : ....١- سووان(تیاچوون) و٢- پەیدابوون و ٣-دەنگەگۆرکێ و ٤ - وێکچواندن ))(٢) ئەوەی لێرەداو لەو بۆچوونەی (د ئەورەحمان )داو لە لای هەندێ لێکۆڵەری تریش بە دی دەکرێ و دەبێتە جێگای سەرنج و هەڵوەستە لەسەرکردن لە لامان ، ئەو چەشنە گرێدانەی هەردوو دیاردەی (دەنگەگۆرکێ و (سووان) ی دەنگی (د) ە بە شێوە زاری سلێمانییەوە ، چونکە ئەو راستییەی کە لە بەردەستدایە ئەوەیە کە خودی ئەو دوو دیاردەیە و بەو نموونانەشیانەوە کە (د.ئەورەحمان)و لێکۆڵەرانی تر بۆیان هێناوننەتەوە ، لە کۆمەڵێ دەقی پێش بنیاتنانی شاری سلێمانیدا بەدی دەکرێن ، هەر بۆیە ئەو چەشنە گرێدانەی هەردوو دیاردەی (دەنگەگۆرکێ) و (سووان) ی دەنگی (د) بە شێوە زاری سلێمانییەوە ، بە کارێکی نادروست و نا زانستانە دەبینین ، بە تایبەتی لەم نموونانەدا کە خراونەتە بەردەست :

١- بەلای (د.ئەورەحمان)ەوە ، لە شێوەزاری سلێمانیدا وشەکانی وەك : (( (بادان >بایان ) ، ( لە دنیادا > لە دنیایا )دا ، دەنگی (د)یان تیادا گۆرراوە بە دەنگی (ی) ..))(٣)

بە پیچەوانەی (د.ئەورەحمان)ەوە ، (د.تالیب حوسین) ، هەردوو وشەی (لە سەرەتادا > لە سەرەتایا) دەخاتە ژێر چەمکی(سووان)ی دەنگی (د) لە شێوەزاری سلێمانیداو دەربارەیان دەڵێ :(( لە ئەنجامی سوانی (د) دوو ڤاول بەیەك دەگەن کە پێویستیان بە جیاکردنەوە هەیە )) (٤)

بۆچوونی ئێمەش لێرەدا ئەوەیە کە ئەو وشانەی (د.ئەورەحمان)بۆ نموونەی(دەنگەگۆرکێ)هێناونی ، بۆخۆیان دەچنە ژێر چەمکی (سووان)ەوە ، هەربۆیە لە بەشی دووەمی باسەکەماندا ئاورمان لێداونەتەوە و لێرەدا تەنها ئەو راستییە دە خەینە بەردەست کە لە دەستنووسێکی ساڵی (١٧٨٤ز)ی دەقێکی شیعریدا ، کە بە زمانی (سانا/عەوام)نووسراوەو لە پێش بنیاتنانی شاری سلێمانیدا ، بەرهەم هێنراوە ، وشەی(لەگەڵییا) لە بری (لەگەڵیدا) هاتووە ، کە بێگومان هاوتای ئەو وشانەیە کە (د.ئەورەحمان)و(د.تالیب) وەك تایبەتمەندییەکی شێوەزاری سلێمانی خستوونیاننەتە بەردەست :

ئەو هەڵدەستێ لەگەڵییا

دەبێ : جوبرەئیل ئەخییا


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەحواڵی ئوممەتی من چییا    (٥)

٢ - دەربارەی گورینی (د < ت )و (ت < د ) :(د.ئەورەحمان)  لە کۆتایی وشەدا  ئەم دوو نموونەیەی بۆ(د < ت)ەکە هێناوە: (نەوەد > نەوەت ) (کرد> کرت )(٦)

(د.تالیب)یش ئەم نموونانەی بۆ گۆرینی (ت > د) هێناوەتەوە : (لەگەڵت دێم > لەگەڵد دێم)و(ناوت دێنم > ناود دێنم)و ( سەرت داگرە > سەرد داگرە)(٧)  ئەوەی ئیمەش  تێبینیمان کردووە ، ئەوەیە کە لە دەستنووسێکی سالی ١٧٨٤ز)ی دەقێکی شیعرییدا کە بە زمانی (سانا/عەوام ) نووسراوە ، وشەکانی وەك : ( دێ و تێ )و (دێنی و تێنی ) پێکەوە هاتوون و بەکارهێنراون و وشەی (بۆد)یش لە بری (بۆت) هاتووە (٨)

لە دەستنووسی دەقیکی شیعریی تردا کە هەر پیش بنیاتنانی شاری سلیمانی نووسراوەتەوە  (تێن)لەبری (دێن)و (تێتن)لەبری(دێتن) و (تەمێنێ ) لەبری(دەمێنێ)و (تەبارێ) لە بری(دەبارێ)(٩ )

لە دەقیکی  شیعریی تریشدا کە هەر پیش بنیاتنانی سلێمانی بەرهەم هینراوە  (بۆد) لە بری (بۆت) و (گرد) لە بری (گرت ) بەکارهێنراون(١٠)

کەواتە ناکرێ گۆرینی دەنگی (د < ت ) یان (ت < د) وەك دیاردەیەکی شێوەزاری سلێمانی بناسێنرێن

٣- هەر لە شێوەزاری سلێمانیدا ، (د ئەورەحمان ) باس لە:

- گۆرینی : (د > و)  وەك:  ( قەد > قەو) ، (بەد > بەو) دەکات (١١)

هەرچی (د.تالیب حسین)یشە دەربارەی شێوەزاری سلێمانی ، باس لە : ((گۆرینی دەنگی(ت) بە دەنگی(و) لە : (بۆت دێنم     بۆو دێنم )) دەکات  (١٢)

بەڵام وەك ئێمە تێبینیمان کردووە ،  لە یەکێ لەو بەرهەمانەی کە پێش بنیاتنانی سلێمانی بەرهەم هێنراوە: ((وشەکانی وەك :

- (لێو) لەبری (لێت)

- (بۆو) لەبری (بۆت)

- (زۆرو کرد)  لە بری (زۆرت کرد) - (دەوبەن) لەبری (دەتبەن)  بەکارهاتوون

هەروەك چۆن، وشەکانی وەك: (شەرانت) و (شەرمت) و (خۆت) کە دەنگی (ت)یان تیا نەگۆرراوە بە دەنگی (و) ، بەکارهێنراون  ))(١٣)

بەم پێیەو وەك دەردەکەوێت بۆمان ، گەلێ لەو وشانەی کە لە شێوە زاری سلێمانیدا خراونەتە ژێر چەمکی (دەنگەگۆرکێ) ەوە ، ، بۆخۆیان لە پێش بنیاتنانی شاری سلێمانی یەوە  هەبوون و بەکارهاتوون ، بۆیە ناشێ وەك دیاردەی (دەنگەگۆرکێ)ی دەنگ لە شێوە زاری سلێمانیدا بناسێنرین و ناوزەند بکرێن ، هەر وەك چۆن ناشێ  بخرێنە ناو بازنەی یاسایەکی دیاری کراوی گۆرینی دەنگ لە شێوە زاری سلێمانیدا ، چونکە وەك بۆمان دەرکەوت ئەو دەنگانە بۆخۆیان و  لە بنەرەتدا  ، دەنگی رەسەنی ناو وشەکانی خۆیان بوون ، لە زارووشێوە زارەکانی زمانی کوردیدا ، پێش ئەوەی شاری سلێمانی  بنیات بنرێ

هەر ئەو چەشنە لێڵییەی کە لە لێکۆڵینەوەکاندا ، یاساکانی دیاردەی (دەنگەگۆرکێ) پۆشیویانە  ، هەندێ لە لێکۆڵەرانی  ناچار کردووە کە کاتێ باسیان لە گۆرانەکان کردووە ، وشەی(زۆرجاریان) بەکارهێناوە ، وەك لە


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

**تێروانینەکانی( محەمەد ئەمین هەورامانی)دا (ل ٦٩-٧١ سەرەتاییك لە فیلولۆژی ی زمانی کوردی محەمەد ئەمین هەورامانی چاپخانەی مەعاریف بەغدا ١٩٧٤ بەدی دەکەین و ئەم وشانەشی وەك نموونە هێناوەتەوە : ((**

**کەوتن – کەفتن بەنموونەی گۆرینی (و) بە(ڤ) پیشان دراون**

**ناو- نامێ- ناڤ بەنموونەی گۆرینی (و) بە (م)و(ڤ) پیشان دراون**

**بەڵێ - بەرێ بە نموونەی گۆرینی(ڵ) بە (ر) پێشان دراوە**

**ئاگر - ئاویر - ئایر بە نموونەی گۆرینی(گ) بە (وی ، ی) پیشان دراون**

**بڵێ - بێژە**

**بە نموونەی گۆرینی(چەند دەنگێ) پیشان دراوە ..)) (١٤) بە بۆچونی ئێمە کۆکردنەوەی ئەو وشانە ، لە ژێر چەمکی (دەنگەگۆرکێ )دا ، بێ هێنانی بەڵگە ، بۆچونەکان لە بازنەیەکی داخراو و بێ ئەنجامدا دەهێڵێتەوە ، چونکە سادەترین پرسیارکە لێرەدا رووبەرومان دەبێتەوە ، ئەو پرسیارەیە کە دەربارەی ئەو وشانە ، دەپرسێ : بە چ بەڵگەیەك وشەکانی ریزی یەکەم سیمای رەسەنایەتییان پێ پۆشراوەو وشەکانی بەرامبەریشیان بە لێکەوتەیان دانراون ؟**

**کە پرسیارێکەو دەبوو لەو باسانەی کە دەربارەی دیاردەی (دەنگەگۆرکێ)ن ، بووریژنرایە و وەڵامیش بدرایەتەوە ، بەتایبەتی لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا ، بەڵام وەك دیارە تا ئێستاش فەراموش کراوە ، واتە لیکولەرانمان بێ بەڵگە نموونەیان لە زاروو شیوەزارەکان هێناوەو خستوویاننەتە ژێر چەمکی (دەنگەگورکی)وە ، ئەوەتا لە نوێترین لێکۆڵینەوەدا ، کە نامەی دکتۆراکەی (رۆکان عەبدوڵا محەمەد)ە ، دەربارەی دیاردەی (دەنگەگۆرکێ ) لە نێوان شێوە زارەکانی زارێکدا دەڵێ : (( دەنگێك دەگۆرێت بە دەنگێکی تر لە ناو ئاخێوەرانی دوو شێوە زاری زارێکدا ))(١٥) ، لە بەر رۆشنایی ئەم پێناسەیەشدا ، کۆمەڵێ وشەی سەر بە شێوەزاری سلێمانی لە ستوونێکدا هێناوەتەوەو لە بەرامبەریشیاندا و لە ستونێکدا ، ئەو وشانەی هێناوەتەوە کە لە شێوە ئاخاوتنی گەرمیاندا بەکاردەهێنرێن ، وەك وشەی (دێم)ی شێوەزاری سلێمانی و وشەی (تێم)ی بەکارهاتوو لە شێوە زاری گەرمیاندا (١٦) ، بێ ئەوەی ئەو پرسیارە بخاتە بەردەمی لێکۆڵینەوەکەی کە دەپرسێت: بۆ دەبێت وشەی (تێم)ی گەرمیانی لە ئاکامی گۆرینی دەنگی (د)ی وشەی (دێم)ی سلێمانییەوە سەرچاوەی گرتبێ ؟!!**

**چونکە وەك بۆمان دەرکەوت وشەیەکی وەك( تێم ) لە شێوەزارەکانی کرمانجی خوارووودا پێش بنیاتنانی شاری سلێمانی و پێك هێنانی ئەو شێوەزارەی ئەمرۆ بە شێوەزاری سلێمانی ناودەبرێت، بەکارهاتووە ، تەنانەت (ئەحمەدی خانی ) لە فەرهەگەکەیدا بەرامبەر وشەی (أء تی) وشەی (تێم)ی هیناوەتەوە(١٧)، هەر بۆیە بەلای ئێمەوە ئەو چەشنە بۆچوونانەی کە لە ژێر چەمکی دەنگەگۆرکێدا گەڵاڵە دەکرێن، بۆخۆیان دەکەونە ژێر پرسیاری زانستییەوە ، چونکە ئەگەر بە پێی ئەو بۆچوونانە بێت ، ئەوا دەبێ بۆ ئەم وشانەش :**

**تەمێنێ – دەمێنێ – ئەمێنێ بوترێت : (ت) گۆرراوە بە (د) و (ئە)**

**تەبارێ – ئەبارێ بوترێت : (ت) گۆرراوە بە (ئە)**

**تەبێ - دەبێ - ئەبێ بوتریت : (ت) گورراوە بە (د)و بە (ئە)**

**ئەسەر – لەسەر بوترێت : (ئە) گورراوە بە (لە)**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەڵام ئەگەر ئەو راستییەیان لە گەڵدا بخرێتە بەردەست کە دەری دەخات خودی ئەو دەستە وشانە پێکەوەو لە یەك دەقی بەرهەم هێنراوو نووسراوی پێش بنیاتنانی شاری سلێمانییەوە بەکارهاتوون (١٨) ، ئەوا گومانی تێدا نامێنی کە هێنانیان بۆ ژێر چەمکی (دەنگەگۆرکێ) دەبێتە کارێکی نادروست ونازانستانە ، هەر بۆیە خودی چەمکی (دەنگەگۆرکێ) بەگشتی و بەو نموونانەیەوە کە لێکۆڵەرانمان باسیان لێوە کردووە ، لەلای ئێمە دەبێتە جێگای پرس ، چونکە ئەگەر ئێمە وەك دیاردەی (دەنگەگۆرکێ) لەو وشانە بروانین ئەوا دەبێ بوترێت :

وشەکانی وەك (قەد ، کەوتن، ، ناو ، دێم) و وشەیەك لە وشەکانی وەك(تەمێنێ ، دەمێنی )و(تەبارێ ، دەبارێ) و (تەبێ ، دەبێ ) ، لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بوونیان نەبووە و لە ئاکامی ئەو (دەنگە گۆرکێ)یەوە دروست بوون ، دیارە بۆچوونی لەو جۆرەش ناشێ لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا جێگای ببێتەوە مادام بۆچوونێکی بێ بنەمایەو ناتوانرێ پاڵپشتی زانستانەی بو بهێنرێ ، هەربۆیە بەلای ئێمەوە ، وا پێویست دەکات کە ئەو وشانە بۆخویان و بەو فۆرمە جیاجیایانەیانەوە کە لە شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا هەیانە ، لە ژێرچەمکی (دەنگەگۆرکێ) بهێنرێنە دەرەوە و بخرێنە ژێر چەمکی (جیاوازی فەرهەنگی) نێوان زارو شێوەزارەکانی زمانی کوردیەوە ، چونکە هێشتنەوەیان لە ژێر چەمکی (دەنگەگۆرکێ)دا ، نەك هەر کارێکی نازانستانەیە ، بەڵکو دەشبێتە مایەی سەرهەڵدانی پرسی تری ئەوتۆ کە چەشنە ئاڵۆزییەك بەو لێکۆڵینەوانە دەپۆشن کە دەربارەی زارو شێوەزارەکانی زمانی کوردی ئەنجام دەدرێن

ئەوەتا (پرۆفیسور د. محمد معروف فتاح)یش ، لەکاتێکدا کە باس لە (دەنگەگۆرکێ) دەکات دەڵێ : (( لێرەدا دەنگێکی وشەیەك لە قسەی هەندێ کەسدا دەگۆرێ بە دەنگێکی تر لە قسەی خەڵکی تردا بێ ئەوەی ئەم گۆرانە ببێتە هۆی گۆرانی واتای وشەکە ، بەواتایەکی تر هەمان وشە لە دوو فۆرم یان زیاتردا دەبینرێ بەهەمان واتا ، دیسانەوە هەندێ جار هەردوو فۆرمی وشەکە لە یەك زاردا هەن ، جاری واش هەیە هەرفۆرمە لە زارێکی تایبەتیدا بەکاردێ)) (١٩) لێرەداو بە چرکردنەوەی سەرنجمان لەسەر (بوونی وشەی فۆرمی جیاواز لە زماندا کە هەڵگری هەمان واتان) و (جاری واش هەبێ هەر فۆرمە لە زارێکی تایبەتیدا بەکاربێت)، لە لایەك و بوونی ئەو راستییەش کە : ((زۆر جار سنووری جوگرافی نێوان دوو زاری زمانێك تەواو روون و ئاشکرایەو بەوە ئەو دوو زارە لە یەکتری جیا دەبنەوە کە هەریەکەیان یاسایەکی تایبەتی هەیە بۆ رابردوو دروست کردن یان لە هەریەکەیاندا فۆرمێکی دیاری کراو بە جۆرێك بەکار دێ )) (٢٠) و خودی ئەو فۆرمە جیاوازانەی وشەیەکیش بۆخۆی ، لە ئاکامی گۆرانی زمانەوە دروست بوو بن و بووبنە بەشێك لە دیاری کردنی سنووری جوگرافی زارێك یان شێوە زاریك ، ئیتر بۆ بە جۆرێك لە جۆرەکانی (جیاوازی لیکسیکی - فەرهەنگی) دانەنرێن و بخرێنە ژێر چەمکی (دەنگەگۆرکێ) وە ؟

کەواتە لێرەدا هەر لەربەردەم پرسێکی فۆنۆلۆژیدا نین ، بەڵکو رووبەرووی پرسێکی فەرهەنگسازیش دەبینەوە، هەربۆیە (د. محەمەد مەعروف فەتاح)یش کە هەر خوی لە ژیر چەمکی (دەنگەگورکی)دا ئاوری لەو وشە فورم جیاوازانەی ناو زارو شیوە زارەکانی زمانی کوردی داوەتەوە گەیشتووەتە ئەو بروایەی کە راشکاوانە بڵێت : (( رەنگە هەندێ کەس وای بۆ بچێت کە ئەم جۆرە گۆرانانە کاری زمانەوانییە و دەتوانێ لە کتێبێکی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

فۆنۆلۆجیدا بیدۆزیتەوە ، بەڵام دەبێ بزانین کە کاری فۆنۆلۆجی ورد ، لە تێگەیشتنی کەسێکی ئاسایی بێ زانیاری پێشتردا نییە ، بەڵام هەرکەسێ بە دوای ئەم شتە زمانیەدا بگەرێ ، یەکەمجار فەرهەنگی دێتە یاد ))(٢١) لیکولینەوە زمانیەکان کوکردنەوەو ئامادەکردنەوەی شیروان حسین خوشناو شیروان میرزا قادر دەزگای موکریان هەولیر ٢٠١٠

دەربارەی ئەم پرسەش ، هەر(د. محەمەد مەعروف فەتاح)خۆی رای وایە کە : (( بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارەی لە ئێستای فەرهەنگسازییەوە دەکرێ ، کە دەروازەکانی فەرهەنگ فراوان بکرێ بە جۆرێك کە بۆ هەموو وشەیەك زانیاری فۆنۆلۆژی و سینتاکسی و سیمانتیکی ... هتد زیاد بکری ))(٢٢)

دیاریشە هەر لە روانگەی ئەو بوچوونەشەوە کە باس لە (فەرهەنگ و پروسەی بە لیکسیمبوون) لە زمانی کوردیدا کرابی وتراوە : (( ئەگەرچی ئەم گۆرانە فۆنۆلۆژیانە ... تەنها لەکاتی ئاخاوتندا هەستیان پێ دەکرێت و تا ئێستا لە نووسین و فەرهەنگدا رەنگیان نەداوەتەوە ، بەڵام پێویست و گرنگە لە دەروازەی فەرهەنگی هەریەك لەو وشانەدا ، ئاماژە بە لایەنی فۆنەتیکیان بکرێت و شێوازی دەربرینە جیاوازەکانیان بخریتە روو ))(٢٣)

ئەمە لەگەل ئەو تیبینییەی کە گەلی لە وشە فورم جیاوازەکان هەروەگ چون لە نووسیندا هاتوون لە فەرهەنگیشدا جیگایان بو کراوەتەوە وەك وشەی (ئەسەر : لەسەر) و (ئەگرە : ئیرە)و(پچوك) وشەی (تکەل : دگەل ، لەگەل) (٢٤)

کەواتە وا پێویست دەکات ، ئەو وشانەی کە لە زارو شێوە زارەکانی زمانێکدا بە فۆرمی جیاوازەوە دەبینرێن بهێنرینە ژێر چەمکی (جیاوازی لیکسیکی – فەرهەنگی ) ی نێوان زارو شێوەزارەکانی زمانە کوردییەوە

بە واتایەکی تر ، ئەگەر بۆچوونەکان ئەوە بێت کە لە ئاکامی گۆرینی دەنگی وشەیەکی سەر بە زارێك یان شێوە زارێك لە زارو شێوەزارێکی تری هەمان زماندا ، فۆرمی جیاجیای وشە بەهەمان واتا دروست بووبن و هەر ئەو فۆرمە جیاوازانەش ، بەشداربن لە پێك هێنانی سیمای زارێك یان شێوەزارێك و تەنانەت بەشداریش بن لە دیاری کردنی سنووری زارێك یان شێوە زارێك ، ئەوا شیاوتر ئەوەیە بخرێنە ژێر چەمکی (جیاوازی لیکسیکی - فەرهەنگی)یەوە ، بۆ نموونە هەر دوو وشەی (سوور /سۆر) یان (بەڵێ /بەرێ) کە لە ژێر چەمکی (دەنگەگۆرکێ)دا دانراون ، بۆ خۆیان بەشدار دەبن لە دیاری کردنی سنووری جوگرافی زارێك یان شێوە زارێك ، کەواتە دەبێ لە ژێر چەمکی (دەنگە گۆرکێ) بهێنرێنە دەرەوەو بخرێنە ژێر چەمکی (جیاوازی لیکسیکی-فەرهەنگی)یەوە ، ئەمە سەر باری ئەوەی کە بۆ هەردوو فۆرمی (سوور / سۆر) ، ناتوانرێ زانستانە ئەوە دەربخرێ کە لە بنەرەتا سەر بە چ زار یان شێوە زارێك بوون و کام فۆرمەیان لە ئاکامی گۆرانی دەنگەوە دروست بووە ، ئەوەتا خودی وشەی (سوور) کە وەك فۆرمێکی شێوە زاری سلێمانی خراوەتە بەردەست ، بەرامبەر وشەی(سۆر)ی هەولیر (ل ١٢٣ زمانەوان) ، لە دوو دەقی پێش بنیاتنانی سلێمانیدا بەکارهاتووە ، بۆیە ئەگەر بۆچوونەکە ئەوەبێت کە بۆ ئێستا بە هەڵگری سیمای شێوە زاری سلێمانی دابنرێت ، هەروەك چۆن وشەی (سۆر) بە هەڵگری سیمای ناوچەی هەولێر دادەنرێت و هەردوو ناوچەکەش بە چەقی ناوچە دادەنرێن لە کرمانجی خوارووداا (٢٥) ، ئەوا راستتر ئەوەیە ئەو دوو فۆرمەش لەگەڵ فۆرمەکانی تری ئەو وشانەی ئاورمان لێ

دانەوە بهێنرێنە ژێر چەمکی (جیاوازی لیکسیکی- فەرهەنگی) نێوان زارو شێوەزارەکانی زمانی کوردییەوە ، ئەوەتا (د.سەباح رەشید)یش را ی وایە کە : ( بە پێی تێوری شەپۆلەکان ئەو ناوچانەی دەکەونە نێوان شەپول شکاندنی دوو شێوە زار، سیمای هەردوو شێوە زارەکە هەڵدەگرن و فۆرمی جیاوازی وشەکان تیایاندا بە سیمای دیالێکتی دەناسێنرێن ، هەربۆنموونە :

لە هەولێر ←—— خیندن

لە کۆیە ←—— خوندن شکاندنی شەپۆلەکان

لە سلێمانی ←——خوێندن

ئەو وشانە بۆخۆیان دەچنە فەرهەنگی زارو شێوەزارەکانەوە )(٢٦ ) دیارە لێرەدا ، پرسیاریش لە هەردوو نیشانەی (دە)و(ئە)ی کرداری رانەبردوو رابردوی بەردەوامیش دەکرێ ، بەو پێیەی نووسەرانمان لە ژێر چەمکی (دەنگە گۆرکێ )دا باسیان لێوە کردوون (٢٧)، بە بۆچوونی ئێمەش لێکەوتەی نیشانەی (ئە)لە نیشانەی(دە) پەیوەستە بەو دیاردەیەوە کە لێکۆڵەرانمان بە دیاردەی(سووان) ناساندوویانە ، نەك بە دیاردەی (دەنگەگۆرکێ)وە و تێروانینی تایبەت و نوێشمان هەیە دەربارەیان، بۆیە لە بەشی دووەمی باسەکەماندا ئاورمان لێداونەتەوە

بەشی دووەم : دەنگی (د) لە ژێر چەمکی (سووان)دا :

وەك ئاشکرایە دیاردەی (سووان) ی دەنگی (د) یەکێکە لەو دیاردە فۆنۆلۆژیانەی زمانی کوردی کە سەرنجی گەلێ لە لێکۆڵەرانمانی راکێشاوە ، لەگەڵ ئەوەشدا هەروەك (د.ئەورەحمانی حاجی مارف) بۆی چووە کە : (( بەراستی سووان و تێ چوونی (د) روونکردنەوەو لێکۆڵینەوەی تەواوی دەوێ چونکە لە زۆر شوێنی وشەدا دەقرتێ ))(٢٨) بۆیە ئێمەش لێرەدا روو لەو دیاردەیە دەکەینەوەو تێروانینەکانیشمان زیاتر لە سەر دوو شوێنی (سووان) ی دەنگی (د) چڕدەکەینەوە کە لەم دووپارەدا دەیانخەینە روو :

پاری یەکەم : سووانی دەنگی (د)ی پۆستپۆزیشنی (دا) :

دەربارەی ئەم دیاردەیە لە شێوەزاری سلێمانیدا ، (د ئەورەحمانی حاجی مارف) کە بە (تێچوون) ناوی دەبات ، دەڵێ : ((زۆر جار ئەوە بەر گوێ دەکەوێ کە دەنگی (د) ناوترێ یاخود کلۆر دەکرێ وەك (مناڵ لە بری (مندال) .......لە بارەی قۆناغەکانی تێچوونی ئەو جۆرە (د)انەوە ، ئەوە دەخەینە بەر چاو کە (نالی) لە سەرجەمی شیعرەکانیدا جگە لە وشەی (چەن )نەبێ ، ئەو (د)انەی وتووە ،...... سەرنج راکێش ئەوەیە تێچوونی ئەم دەنگە زۆر بە خێرایی جێگر بوو ، ئەوەتە (نالی) لە تاکە وشەیەکدا سوواندوویەتی ، کەچی (مەحوی) کە ماوەیەکی کورت بە دوای (نالی)دا دێ ، پتر لە ٪٦٠ یاندا قرتانوونی )) (٢٩)

سەرەتا ئەوەی لەو تێروانینانەی (د ئەورەحمان)دا دەبێتە جێگای سەرنجمان ، ئەو چەشنە پۆشینەی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دیاردەی (سووان)ی دەنگی (د)یە بە شێوەزاری سلێمانی ، هەربۆیە لە بەرهەمی شیعریی سەربەو شێوەزارە شدا ، بە دوای سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیەدا گەراوە و لەو گەرانەشیدا تەنها ئاوری لە (نالی)و (مەحوی) داوەتەوە ، کە بەلای ئێمەوە ، گەران و ئاوردانەوەیەکی ناکامڵ بووە و ئەنجامێکی زانستیشی لێنەکەوتوتەوە ، بویە لە پێناو گەیشتن بە هەندێ راستی ، هەوڵ دەدەین ، سنووری گەران و ئاوردانەوە کەمان لە دیاردەی سووانی دەنگی (د) فراوانتر بکەین ، بە شێوەیەك کە لە (نالی) و (سالم)ەوە دەست پێ بکات و ئەو دەقانەش لەخۆی بگرێ کە لە قۆناغەکەی ئەواندا و لە پێش ئەوانیشداو تەنانەت لە پێش بنیاتنانی شاری سلێمانیشەوە بەرهەم هێنراون و بە نووسراوی لەبەردەستدان ، تا بتوانین کامڵترو زانستانەتر لە دیاردەی سووانی دەنگی (د) بە گشتی و سووانی دەنگی (د)ی پۆستپۆزیشنی (دا) بەتایبەتی ، بدوێین

سەرەتاش دەربارەی سووانی دەنگی (د) لای (نالی) ، ئەو بۆچوونەی (د. ئەورەحمان ) ، بە دروست نازانین کە دەڵێ : (( (نالی) لە سەرجەمی شیعرەکانیدا جگە لە وشەی (چەن )نەبێ ، ئەو (د)انەی وتووە )) (٣٠)

چونکە لە لای (نالی) یش ، جگە لە وشەی (چەن) ، لە گەڵێ شوێنی دەقەکانیدا سووانی دەنگی (د) بەدی کریت بە تایبەتی سووانی (د)ی پۆستپۆزیشنی(دا)دا کە هەر (د.ئەورەحمان) خۆی ، لە ژێر چەمکی (دەنگەگۆرکێ)دا ، نموونەی وەك (لەسەرمادا > لە سەرمایا) و (لە دنیادا > لە دیایا)ی بۆ هێناوەتەوە ، بێ ئەوەی لەوێدا و بۆ هەمان مەبەست ئاور لە (نالی) و (مەحوی) بداتەوە ، دیارە هۆکەشی هەرئەوەبووە کە هاتنی دەنگی (ی)ەکەی بە گۆرینی دەنگی (د) داناوە ، نەك بەهۆی چوونە سەریەکی دوو بزوین (ا) پاش سوواندنی دەنگی(د)ی (دا) ، ئەمە سەرباری ئەوەی کە هەروەك لێکۆڵەرانی تر تێبینی ئەوەی نەکردووە کە لای (نالی)و لای (مەحوی)و شاعیرانی تریش، لە هەندێ شوێندا خودی پۆستپۆزیشنی (دا)کەش قرتێنراوە

ئەوەتا (مەسعوود محەمەد) گەلێ پێش (د.ئەورەحمان) دەربارەی سووانی دەنگی (د)ی (دا) وتوویەتی: (( پێش مەلای گەورەو زێوەر، نالی ئەم فەندەی بەکارهێناوە ، لەو بەیتەدا کە لێرە باسی دەکەین ، چونکە ئەمیشیان جێگۆرکێی بە بزوینی (ا) کردووە لە وشەییکیەوە بو وشەیەکی تری بەتەواوی وەك بەیتەکەی زێوەر، دیارە بەیتەکە وەها بووە ، بەڵام کێش و قافیە گۆریویەتی :

لەگەڵ شاییکەرانا بێ دەنك و داو

ئەم بزوێنەی (شاییکەرانا)ش وەك هینەکەی بەیتی زێوەر، کورت کرایەوەی (شاییکەراندا)یە کە زۆر باوە لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانی ، نالی لە زۆر جێگەدا بە لەهجەی خەڵکەکە رەفتاری کردووە لە شیعردا وەك کە دەڵێ :

پەچەیی پەرچەمی و پرچی سیا

هەر دەڵێی مانگەشەوە و کوڵی تیا

ئەم (تیا)یە کورت کرایەوەی (تێدا)یە ، بە پێی دەستووری تێپردنی دەنگی (د) لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانی )) (٣١) دیارە جگە لە هەردوو وشەی (شاییکەران)و(تیا) کە (مەسعوود محەمەد ) وەك بەڵگەی سوواندنی دەنگی (د) ی لای(نالی) هێناونی، ئێمەش بۆخۆمان تێبینی ئەوەمان کردووە کە لەم شوێنانەی تری ناو دەقەکانیدا، هەمان دیاردەی سوواندنی دەنگی (د) بە دی هاتووە (٣٢):

- لافی دەمی تۆ ، غونچە لە دەمیا بو، بە (عمدا)
- دڵ رەنگە بێ بە ئاوو بە چاوا بکا عبوور

- لە فەجری پایزی پیری بەیانی دا تەعبیر

- خۆشا ڕەندێ لە دنیا بێ موبالات و موجەڕڕەد بێ

لێرەدا بمانەوێ و نەمانەوێ ، ئەو پرسیارە لەلامان سەرهەڵدەدات که دەپرسێ : ئایا ئەو چەشنە سوواندنەی (د)ی پۆستپوزیشنی (دا) و تەنانەت خودی(دا)کەش ، ئاکامی لادانێکی زمانی و بەکارهێنانی شێوەی ئاخاوتنی رۆژانەی خەڵکی سلێمانی بووە ، وەك (مەسعوود محەمەد) بۆی چووە ؟ چونکە نە خودی (مەسعوود محەمەد) لەوێداو ، نە لێکۆڵەرانی تریشمان ، تا ئێستاو هێندەی ئێمە ئاگاداربین ، بەبەڵگەوە دیاردەی سووانی دەنگی (د)ی (دا)یان لە ئاخاوتنی رۆژانەی دانیشتوانی سلێمانی لە سەردەمی (نالی) و دوای نالیشدا ، نەخستووەتە بەردەست و تەنها لە دەقی شیعرییدا باسیان لێوە کردووە

دیاریشە کە ئەم پرسیارە بۆخۆی ، دەبێ ببێتە پرسێکی سەرەکی لە باسێکدا کە دەربارەی سووانی دەنگی (د) بێت لە شێوە زاری سلێمانیدا ، هەر بۆیە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ، نەمانتوانیوە وەك لێکۆڵەرانی تر خۆمانی لێ لادەین و بێ وەڵام بیهێڵینەوە ، بەڵکو لە باسەکانی دواتردا ، وردترو زانستانەتر هەوڵی وەڵامدانەوەی دەدەین هەرچی دەربارەی سووانی دەنگی (د)ە لە وشەی (چەند)یشدا لای (نالی) ، کە (د ئەورەحمان) لە ژێر چەمکی (تێچوون) سەرنجی بۆ راکێشاوین (٣٣) و (د.تالیب حوسین) یش لە ژێر ( یاسای گۆرانی کۆنسنەنانتەکاندا) دایناوەو بەلایەوە گۆرانی وشەی (چەند)بە (چەن) لە شێوەزاری سلێمانیدا لێکەوتەی گۆرانی ( ند > ن) ە نەك سووانی (د) (٣٤)

ئەوا ئەو تێبینیە لە لامان گەلالە بووە کە لە هەندێ بەیتی ناو دیوانەکەی( نالی) دا هەردوو وشەکە نووسراون وەك ئەم بەیتانە :

دنیا مەحەللی کەون و فەسادێکە حیزو دون

مەعلوومە چەن بە حیلەیە عەییارە چەند دەڵە (٣٥)

****************

دەعوای ئومەرا چەندە لەسەر تەختی کرابێ

چەند خوێن کە رژابێت و چ خوێنی نەرژا بێت (٣٦)

ئەوەی لەو دوو بەیتەشدا دا دەبێتە جێگای سەرنجمان ، ئەوەیە کە لە بەیتی یەکەمدا (چەند)ی دووەمیش دەبێ هەر (چەن) بێت ، بۆیە دەبوو بە (چەن ) بنووسرایە مادام یەکەمیان چۆن خوێنراوەتەوە وا نووسراوە ، چونکە ئەگەر بە(چەند) بخوێنرێتەوە ئەوا دوو کۆنسنانتی نەبزواو بەدوای یەکدا دێن ، کە ئاوازەکە لەنگ دەکەن و رەوانی خوێندنەوەکە گران دەکەن

لە دێری یەکەمی بەیتی دووەمیشدا (چەندە) راست نووسراوە و دەبێ هەر بە (چەندە) بخوێنرێتەوە بەلام (چەند)ی دێری دووەم دەبێ بە (چەن) بخوێنرێتەوە

کەواتە خودی دیاردەی سووان و نەسوواندنی دەنگی (د) لە وشەی (چەند)دا و لە ناو دێرە شیعرییەکانیاندا، پەیوەندی بە خوێندنەوەیانەوە هەیە ، واتە دیاردەی سووانی(د) لێرەدا لێکەوتەی بنیاتی ئاوازەیی دەقەکەیە

هەر لێرەوە ئەگەر ئاورێك لە دەقە شیعرییەکانی (سالم)یش بدەینەوە ، ئەوا ئەو راستییە دێتە بەردەستمان کە نەك هەر دیاردەی سووانی(د)ی (دا) لەلای دەبینرێ ، بەڵکو سووان و تیاچوونی خودی (دا)کەش لەلای ، بە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

رادەیەکی ئەوتۆ سەرنج رادەکێشن کە دەکرێ بە سیمایەك لە سیماکانی شێوازە شیعرییەکەی دابنرێت ، هەر بۆ نموونە، لەگەڵ لە دەقەکانیدا ، هەروەك چۆن وشەی (لە دڵدا)ی بەکارهێناوە ، لە هەمان کاتدا (لە دڵ)و (لە دڵا)و(لە دڵیا)شی بەکارهێناوە (٣٧) بە هەمان شێوەش (لە سینەمدا) و لە (سینەما) و (لە سینەم)ی بەکارهێناوە(٣٨)

گومانیشی تیادا نیە کە لێرەشدا و بۆ (سالم) یش ، هەمان پرسیار دێتەوە بەردەممان کە دەپرسێ : ئەم دیاردەیە لای (سالم) لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە ؟ وەك پێشتریش وتمان ئەم پرسیارە بۆخۆی پرسیاریکی گرنگەو تا ئێستا هیچ لێکۆڵەرێکمان وەلامیان نەداوەتەوە ، هەروەك چۆن هیچ لێکۆڵەرێکیشمان تا ئێستا بەڵگەی ئەوەیان نەخستووەتە بەردەست کە پێمان بڵێ دیاردەی (سووان )ی دەنگی (د)ی (دا) چۆن و کەی لە شێوەزاری سلیمانیدا دەرکەوتووە ؟

لێرەدا و بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە ، سەرەتا ئاور لە لێکۆڵینەوەکەی (خۆدزکۆ) دەدەینەوە کە لە ساڵی ١٨٥٧دا بڵاوکراوەتەوە و هێندەی ئێمەش ئاگاداربین تا ئێستا نەبووەتە جێگای بایەخ پێدانی لێکۆڵەرانمان ، ئەمە لەکاتێکدا کە بەهای تایبەتی خۆی هەیە ، چ لە بواری زمانەوانیدا بێت یان لە بواری ئەدەبیدا بێت (٣٩) ئەوەی لەو لێکۆڵینەوەیەدا بووەتە جێگای سەرنجمان ، دوو تێروانینی (خۆدزکۆ) یە کە پەیوەندیان بە باسەکەمانەوە هەیە

تێروانینی یەکەم : ئەوەیە کە بەلای( خۆدزکۆ)وە: (( ئاوەڵکاری شوێن le locative لە دۆخی کارایی پێکدی ، کە (لە) ی لە پێشدا دێت و لەهەمان کاتیشدا پۆستپۆزسیونی postposition (دە) da ی لە دوا دێت ))(٤٠)

دەربارەی ئەم تێروانینەی (خۆدزکۆ) ش (فەرهاد شاکەلی) دەڵێ: (( ئەحمەد پاشا لە قسەکانیدا لە دوای پریپۆزیسیونی (لە)وە ، پۆستپۆزیسیونی (دە) ی بەکارهێناوە ، خۆدزکۆیش ئەوە جەخت دەکات کە پۆستپۆزیسیونی (دە) بە دوای (لە) دا دێت ، باوەر ناکەم مەسەلەکە ئەوە بێت ، پاشا وشەکەی خراپ گۆکردبێت ، چونکە لە هەموو جێگەیەکدا ئەمە دووبارە دەبێتەوەو هەروەها ئەوەش دەزانین کە پاشا زووربەی رستەکانی بە نووسینیش داوە بە خۆدزکۆ، لە کوردی ئەمرۆدا پۆستپوزیسیونی (دا) جێگەی (دە)ی گرتووەتەوە)) (٤١) ئەوەی لێرەدا سەیر دەبینرێ و دەبێتە جێگای سەرنج ، ئەوەیە کە نە (خۆدزکۆ) و نە (فەرهاد شاکەلی)کە پێشەکییەکی بۆ وەرگێرانەکە نووسیوەو نە ( نەجاتی عەبدوللا)ش کە لێکۆڵینەوەکەی بە پێشەکیەوە وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی ، وردنەبوون لە خوێندنەوەی دەقەکانی (ئەحمەد پاشا)ی بەردەستیاندا ، چونکە بەئاشکرا دیارە کە (ئەحمەد پاشا) لە نموونەکانیدا ، هەر وەك چون (لە ئەواندە)ی بەکارهێناوە ، (لە ئەواندا) شی بەکارهێناوە بی ئەوەی لەلایەن ئەو سێ نووسەرەوە تێبینی کرابێت (٤٢)

ئەمە سەرباری دەرك پی نەکردنی بەکارهێنانی (دا) لە رستەکانی وەك (لە کام جەنگەڵدا کەوت چاوپێکەوت) و( دانیشین لە دوکاندا) و (لە ساڵی گرانیکەدا)ل (٤٣)

لەوەش سەیرترئەوەیە کە ( نەجاتی عەبدوللا) لە وەرگێرانی دەقە فەرەنسییەکەدا ، (دا)ی سەر (دوکاندا)و(گرانییەکەدا)ی نەنووسیوەتەوە (٤٤) کە بە روونی لە رستەکانی ئەحمەد پاشادا هاتوون (٤٥) واتە هەر بۆخۆی قرتانوونی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەم رەنگە ، ئەو راستییەی جاری لێرەدا دێتە بەردەست ، ئەوەیە کە لە ناوەراستی سەدەی نوزدەدا و لە زمانی ئاخاوتنی دانیشتوانی شاری سلێمانیدا ، پۆستپۆزیشنی (دا) لە پاڵ (دە) بەکارهاتووە ، کە بۆخۆی راستییەکەو نە (خۆدزکۆ) و نە( فەرهاد شاکەلی) و نە (نەجاتی عەبدوڵڵا) دەرکیان پێ کردووەو نە نووسەرانی تریشمان باسیان لێوە کردووە

تێروانینی دووەم : ئەوەیە کە هەر لەناو ئەو رستانەدا کە (ئەحمەد پاشا) خستوونیەتە بەردەست (خۆدزکۆ) ، ئەم دوو رستەیە دەبینین (٤٦):

- حەوزێکی بە فوارە لە نیوەراستا

- بە هەموو لایەکا دەگلێ

وەك دیاریشە دەنگی (د)ی (دا)یان تیا سووێنراوە و دیسانەوە نە (خۆدزکو) و نە (نەجاتی عەبدوڵڵا)و نە (فەرهاد شاکەلی) تێبیان کردووە و نە نووسەرانی تریشمان باسیان لێوە کردووە

بەم پێیە راستییەکی تر کە لێرەدا دەتواین بیخەینە بەردەست ، ئەوەیە کە هەر لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەداو لە زمانی ئاخاوتنی خەڵکی سلێمانیشدا ، دیاردەی (سووان)ی دەنگی (د)ی (دا) بوونی هەبووە هەروەك چۆن لە دەقە شیعرییەکانی (نالی)و(سالم)دا دەبینرێ ، کەواتە دەکرێ لێرەداو بۆ یەکەمجار وەك بەڵگەی بوونی دیاردەی سووانی دەنگی (د)ی پۆستپۆزیشنی (دا) لە زمانی ئاخاوتنی رۆژانەی خەڵکی سلێمانیدا و لە ساڵانی دەوروبەری نیوەی یەکەمی سەدەی نوزدەدا ، بیخەینە بەردەست لێکۆڵەرانمان ، چونکە تا ئێستا تەنها لە دەقی شیعریدا بەڵگەی بوونی دیاردەکە هێنراوەتەوە

بیگومان لێرەدا پرسیارەکەی پێشوو ، لە پاڵ هەندێ پرسیاری تردا ، دێنەوە بەر دەممان و بە پێویستی دەزانین وەڵامیان بدەینەوە ، وەك ئەم پرسیارانە:

١- ئایا جگە لە شیعرو جگە لە دەقەکانی ناو لێکۆڵینەوەکەی (خۆدزکو) ، هیچ دەقێکی تری نیوەی یەکەمی سەدەی نوزدە ، لەبەردەستدایە کە تا ئێستا لێکۆڵەرانمان وەك بەڵگەی سووان یان نەسووانی دەنگی (د) ی (دا) ئاوریان لێ نەدابێتەوە ؟

٢- ئایا خودی دیاردەکە خۆی ، تایبەت بووە بە شێوە زاری سلێمانییەوە ؟، تا لێکۆڵەرێکی وەك (مەسعوود محەمەد) وا لێ بکات بڵێ : (( ئەم سووانە کە تایبەتی پیتی (د)ی ئاخاوتنی (سلێمانی)یە ، نابی بەسەر هەموو زمانی کوردی بسەپی ))(٤٧)

٣- ئایا سووانی دەنگی (د)ی (دا) لە زمانی ئاخاوتنەوە هاتووەتە ناو دەقی شیعری باڵاوە یان بە پێچەوانەوە لە دەقی شیعرییەوە کەوتووەتەوەو چووەتە ناو زمانی ئاخاوتنەوە ؟

دیارە لێرەداو بو وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە پێویستمان بە هەندێ زانیاری هەیە تا بیانکەینە بەڵگەی جێگیرکردنی بۆچوون و تێروانینەکانمان ، بە تایبەتی ئەو زانیارییانەی کە لێکۆڵەرانمان ئاوریان لێنەداونەتەوە ، وەك ئەم زانیارییانە :

یەکەم :دەستنووسێکی ساڵی( ١٩١٩ز)ی پەخشانی(لوببەلعەقایید)ەکەی(مەولانا خالیدی نەقشبەندی):

ئەوەی لەم دەقەدا تێبینیمان كردووە ، ئەوەیە كە دەنگی (د)ی پۆستپۆزیشنی (دا)ی تیا نەسووێنروە بەڵكو لە هەندیٚ شوێندا خودی (دا)كە قرتێنراوە ، وەك : (( رەنگ لە مابەینی سوورو سپی )) (٤٨) ئەمە لە كاتێكدا كە هەمان رستە لە دەستنووسێكی ساڵی (١٨٧٧ز)ی هەمان دەقدا ، بەم شێوەیە هاتووە (( رەنگی لە مابەینی سوورو سپیدایە)) (٤٩) كە وەك دیارە (دا)ەكەی تیادا نەقرتێنراوە ، بە پێچەوانەشەوە ، ئەم دوو رستەی تری ناو دەستنووسەكەی سالی(١٨١٩ز) كە بریتین لە : ((لە عومری خۆتدا )) و (( چاوپیٚ كەوتنی لە دنیادا جایزە..)) (٥٠) ، لە دەستنووسەكەی ساڵی (١٨٧٧ز) بەم جۆرە هاتوون : (( لە هەموو عومری خۆت)) (( چاوپێكەوتنی لە دنیا جایزە))(٥١) واتە (دا )كەیان تیادا قرتێنراوە

كەواتە جاری لێرەدا دەكریٚ ئەو راستییە بخەینە بەردەست كە پۆستپۆزیشنی (دا) لە سەرەتاكانی سەدەی نوزدەداشدا و لە شێوەزاری سلێمانیدا بەكارهینراوە ، كە راستییەكەو جارێكی تر ئەو بۆچوونەی (فەرهاد شاكەلی) پیٚ رەت دەكرێتەوە كە بەلایەوە لە نیوەی یەكەمی سەدەی نوزدەدا پریپۆزیشنی (دە) لە بری (دا) بەكارهاتووەو : ((لە كوردی ئەمرۆدا پۆستپوزیسونی (دا) جێگەی (دە)ی گرتووەتەوە)) (٥٢) ئەمە لە پاڵ ئەو راستییەشدا كە لە شێوەزاری سلێمانیدا و لەهەمان سەردەمدا كە سەرەتاكانی سەدەی نوزدە بووە ، دیاردەی قرتاندنی پۆستپوزیشنی (دا)ش لە دەقی پەخشانیشدا بەدی هاتووە

دووەم : لە دەستنووسێكی ساڵی ( ١٧٨٤ز)ی دەقێكی شیعرییدا كە بە (بەیتی ئەوەل و ئاخر – تەزكەرەتولعەوام) ی (سیوچی) ناسراوە و بە زمانی( سانا /عەوام) نووسراوە ، لە پاڵ بەكارهێنانی پۆستپوزیشنی (دا)ی پریپۆزیشنی (دە) و (لە)دا ، دیاردەی قرتاندنی (دا) كە ، نەك سووانی (د)ەكەی ، بەدی دەكریٚ ، واتە وەك چۆن : (دە پێشدا) ، (دەوێدا) ، (دە لەوحێدا) بەكارهاتوون ، ( دە زاری ) ، (دە جەننەت) ، (لە وی ) ، (لە مەیدانیٚ) ش دەبینرێن (٥٣)

لە جێی خۆیدایە لێرەدا ، ئەوە بێنینەوە یاد كە ئەم چەشنە قرتاندنەی پۆستپۆزیشنی (دا) لە كرمانجی خوارووا و لە پێش بنیاتنانی شاری سلێمانیشدا ، لە كرمانجی ژووروشدا و لەلای (مەلای جزیری) بە دی كراوە وەك لەو دێرەی دا كە دەڵیٚ : (( وەصف د جەمالا تە بوو ئەووەڵ كو شەبەق دا ))(٥٤)

سییەم: لە دەستنووسێكی ساڵی (١١٩٩ك – ١٧٨٤ز)ی دەقیكی شیعریی تردا كە بە زمانی (سانا/عەوام) نووسراوە

، لە پاڵ بەكارهێنانی پۆستپۆزیشنی (دا)دا ، لە هەندیٚ شوێندا هەردوو دیاردەی قرتانی (دا) كەو سووانی (د)ی (دا)ەكەش بەدی دەكرێن ، وەك :

(دە حەجمیدا گیا بی ) و (دە ساڵا ئەربەعین بوو) و ( دە سیننا ئەربەعینا) ، (دە ئایەتا كرد موبینا) ، (لە قەولی و سببا) ، (لە خەزینەی رەحمانا) (٥٥)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کەواتە چ بەکارهێنانی پریپۆزیشنی (دا) بووبی و چ قرتاندنیشی بوو بێ ، یان سوواندنی دەنگی (د)ەکەی بووبێ ، پێش بنیاتنانی شاری سلێمانی و پێك هێنانی شێوە زاری سلێمانی ، لە شیعری (سانا /عەوام)ی کرمانجی خوارووودا بوونیان هەبووەو بە دی هێنراوون

بەم پێیەو لە بەر رۆشنایی ئەو زانیاریانەدا ، دەکرێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە کە وروژاندمانن و ئەم راستیانەشیان پێ بخەینە بەردەست :

١ - دیاردەی سووانی دەنگی (د)ی پۆستپۆزیشنی (دا) دیاردەیەکی تایبەت نەبووە بە شێوە زاری سلێمانییەوە ، وەك لێکۆڵەرانمان بوێ چوون ، هەر بۆیە خودی دیاردەکەو ئەو تێروانینەی( مەسعوود محەمەد)یش کە بەلایەوە : ((: (( ئەم سووانە کە تایبەتی پیتی (د)ی ئاخاوتنی (سلیمانی)یە ، نابی بەسەر هەموو زمانی کوردی بسەپی ))(٥٦) پێویستیان بەوە هەیە جارێکی تر لە روانگەیەکی زانستییەوە ، نەك ناوچەییەوە ، لێیان بروانرێتەوەو گفتۆگۆیەکی زانستانەیان لەسەر بکرێ

٢ - ئەو بەڵگانەی کە تا ئێستا لەبەر دەستدان ، ئەو راستییەمان دەخەنە بەردەست کە بناوانی دیاردەی سووانی دەنگی (د)ی پۆستپۆزیشنی (دا) و تەنانەت دیاردەی قرتاندنی خودی (دا)کەش لە کرمانجی خوارووودا، زمانی شیعری (سانا /عەوام)ی پێش بنیاتنانی شاری سلێمانی بووە ، کاتێکیش کە سلێمانی بنیاتنراو بوو بە مەڵبەندێکی کۆکەرەوەی زانایان و خوێندەواران ، هەمان دیاردە ، سەرەتا دابەزیوەتە ناو زمانی خوێندەوارانەوە و لەوێشەوە بەهەمان سیمای سانایەتییەکەی(عەوامیەتییەکەی) توانی لە دوو بوارەوە بچێتە ناو زمانی شیعری باڵاوە ، بواری یەکەم گونجاندنێکی سنووورداری هەردوو بنەمای سیستەمی ئاوازەیی دەقی شیعری کە کێشی عەروزی و قافیە بوون ، لەگەڵ زمانی شیعری باڵای کوردیدا کە دەقەکانی (نالی) دەبنە نموونە بۆی ، بواری دووەمیش رووکردنە زمانی ئەدەبی عەوام و زمانی ئاخاوتنی روژانە بووە لەلایەن هەندێ لە شاعیرانی سەدەی نوزدەوەکەدەقەکانی(سالم)و(مەحوی)

دەبنە نموونە بۆی

بە واتایەکی تر بوونی دیاردەکە لە شیعری باڵای سەدەی نوزدەدا ، لەلایەك لێکەوتەی سیستەمی ئاوازەیی دەقی شیعریی بووە و لەلایەکی ترەوە لێکەوتەی لادانی زمانی بووە

هەر لێرەشەوە دەکرێ وەڵامی ئەو پرسیارە بەدەست بێنین کە دەربارەی رێژەی کەمی پەنا بردنی (نالی) بۆ دیاردەی سووانی دەنگی (د)ی (دا) ، لە چاو (سالم)دا ، دەوروژێنری ، ئەویش بەوەی کە بەلای ئێمەوە شێوازی شیعری (نالی) شێوازیکی ئاراستەکراو بووە بەرەو زمانێکی باڵای شیعریی کە لادانی واتایی نەك زمانی ، پێکهینەری بووە ، لە کاتێکدا شێوازە شیعرییەکەی (سالم) و (مەحوی ) ، تا رادەیەك و بە هۆکاری جیاواز ، کراوە بووە لەبەردەم لادانی زمانی و لەبەردەم شێوازی زمانی (سانا عەوام)دا

پاری دووەم : نیشانەی (ئە) و(دە) لە شێوەزاری سلێمانیدا

هەروەك ئاشکرایە ، پرسێك لە پرسەدیارەکانی بواری زمانەوانیمان، پرسی هەردوو نیشانەی (دە)و(ئە)ی رانەبردوو و رابردووی بەردەوام بووە کە لێکۆڵەرانمان لە ژێر چەمکی (دەنگەگۆرکێ)دا باسیان لێوە کردووون


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

یەکی لەو لیکولەرانەش (د.ئەورەحانی حاجی مارف)ە کە رای وا بووە :(( لە شێوەی سلێمانیدا ، نیشانەی(دە) ی کاتی رانەبردوو و رابردووی بەردەوام ، دەبێ بە( ئە)، وەك: (دەرۆم > ئەرۆم ، دەچم > ئەچم ، دەرۆیشتم> ئەرویشتم ، دەچووم <ئەچووم )..))(٥٧) هەروەها دەڵێ : (( ئەگەر بۆ دەست نیشان کردن و روونکردنەوەی پلەکان و شێوەی گۆرانی (دە) بە( ئە) – راستتر (د)بە( ئ) – گەشتێك بە دیوانی شاعیرانی کۆن و نوێی ناوچەی سلێمانیدا بکەین ، ئەوە دەبینین کە لە زوودا قاڵبی (دە) بەکارهاتووە و دوایی بووە بە( ئە) ، لە تێکرای شیعرەکانی (نالی) دا وێنەی (ئە) تەنیا لە یەك شوێندا دەبینرێ (ئەناڵم) ...بەڵام ئەگەر بەرەو پێش بێین ئەوە دەتوانین رەورەوەی ئەو گۆرانە دیاری بکەین ، بۆ نموونە لە شیعرەکانی (مەحوی) دا هەرچەندە بە زۆری (دە) بەکارهاتووە ، بەڵام تاکە تاکەیەك شێوەی (ئە) ش دەبینرێ ، (زێوەر) کە ماوەیەك بە دوای (مەحوی)دا هاتووە بە پێچەوانەوە بە زۆری (ئە) ی بەکارهێناوە ))(٥٨)

ئەوەی لەو بۆچوونانەی (د.ئەورەحمان) دا راستەوخۆ دەرکییان پێ دەکرێ، ئەوەیە کە بێ گەڵاڵەکردنی هیچ ئەنجامیك ، هەندێ زانیاری دەربارەی سەرەتاو قۆناغەکانی بەرکارهێنانی نیشانەی (ئە) ی لە بری(دە) خستووەتە بەردەست ، خودی ئەو زانیاریانەش نەك هەر نەیانتوانیوە ببنە وەڵامێکی زانستانە بۆ پرسی دیاردەکە ، بەڵکو بوونەتە مایەی وروژاندنی پرسیاری تر، وەك ئەو پرسیارەی دەربارەی بناوان و سەرچاوەی ئەو بەکارهێنانەی نیشانەی (ئە) لە بری (دە) لە دەقی شیعریی شاعیرانی سەدەی نوزدەدا راستەوخو سەرهەڵدەدات

هەربۆیە ئێمە لێرەدا و بە پێداچوونەوە بەو زانیاریانەدا کە (د.ئەورەحمان) خستوونیەتە بەردەست و بە پشت بەستن بە کۆمەڵێ زانیاری تر ، هەوڵی وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانە دەدەین کە دەربارەی سەرچاوەو قۆناغ و چۆنیەتی بەکارهێنانی نیشانەی(ئە) لە بری نیشانەی (دە) لە شێوەزاری سلێمانیدا دەورووژێنرین و تا ئێستاش بێ وەڵامێکی زانستانە ماونەتەوە

ئەوەی سەرەتاش لەو تێروانینانەی (د. ئەورەحمان)دا دەبێتە جێگای سەرنجمان ، باسکردنی دیاردەی بەکارهێنانی نیشانەی (ئە) یە لە بری (دە) لە ژێر چەمکی (گۆران)دا ، بەتایبەتیش کاتی دەڵێ : ((شێوەی گۆرانی (دە) بە( ئە) – راستتر (د)بە( ئ) – )) ، ئەم بۆچوونە بەلای ئێمەوە بۆچوونێکی نا دروستە، چونکە خودی بەکارهێنانی ئەو (هەمزەیە) لە هەندێ وشەدا پەیوەست بووە بە بزواندنی ڤاوڵی سەرەتای وشە لە سەرەتای گۆکردندا ، هەر بۆیە کاتێك گۆکردنەکە پێویستی بەو بزواندنە نەبوو بێت یان خرابێتە ناو چوارچێوەیەکی ئاوازەییەوە ، ئەوا ئاسایی بووە کە (هەمزەکە) بسووێنرێ ، کەواتە خودی گۆکرد ن و گۆنەکردنی(هەمزە)کە خۆی ، دەبێ لە ژێر چەمکی (سووان و تیاچوون)دا ئاوری لێ بدرێتەوە نەك لە ژێر چەمکی (دەنگەگۆرکێ)دا ، کە دەکرێ بەم دێرە شیعرەی (مەحوی) روونتری کەینەوە کە لە دیوانەکەیدا بەم شێوەیە نووسراوەتەوە :

لالغاوەی واعیظ ئەمرۆ مەوج ئەدا، دەم پڕ لە کەف

-ب- - - - - ب- ب - - ب -

بەڵام دەبێ بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە :

لا ل غا وەی/ وا عی زەم رو / مەو جە دا دەم / پڕ لە کەف


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

- ب - - / - ب - - / - ب - - / - ب -

ری شی ڤی روس/ یا ك تێ بی وەع ڤە كەی بۆ بەر تە رەف (٥٩)

- ب - - / - ب - - ب - - - ب -

وەك ئاشكراشە ئەم بەیتە وەك هەربەیتێكی تری شیعری ، بە پێی سیستەمێكی ئاوازەیی چنراوە، هەر بۆیە پێویستە بە پێی ئەو سیستەمە ئاوازەییەش بخوێنریتەوە ، نەك بەو شێوەیەی كە نووسراوە ، چونكە ئەگەر بەپێی ئەوەی نوسراوە ، بخوێنریتەوە ، ئەوا ئاوازەكەی تێك دەچێت ، بەوەش بەشێك لە جوانی دەقەكە دەژاكێنری ، بێگومان شێوەی خوێندنەوەی دەقە شیعرییەكەش ئەگەر پێویستی كرد لە رێگای زانستی كێشانی یەكە ئاوازەییەكانییەوە كە بە (زانستی عەروز)ناسراوە ، پەی پێ دەبرێت ، هەربۆیە (كێشی عەروزی) بە بریاردەرو پێوەری خوێندنەوە ی دەقی شیعری ناسێنراوە (٦٠)

هەر لێرەوە ئەگەر سەرنج لەو بەیتە بدەینەوە ، راستەو خۆ دەرك بەوە دەكەین كە پێی دووەمی دێری یەكەم دەبێ بە ( وا عی زەم رۆ) بخوێنرێتەوە ، واتە بە سووانی (هەمزە)ی (ئە)ی (ئەمرۆ) تا لەگەڵ پێیەكانی تری بەیتەكەدا كە (فاعلاتن)ە هەمان ترپەی هەبیت ، لە پێی سێیەمیشدا هاتنی(مەوج ئەدا ) لە بری(مەوج دەدا) لە ئاكامی سووانی دەنگی (د)ی نیشانەی(دە)یەكەیە و بە ( مەو جە دا ) ش دەخوێنرێتەوە ، تا لەگەڵ پێیەكانی تردا هاوكێش بێت و هەمان ترپەی هەبێت

كەواتە هاتنی نیشانەی (ئە) لەبری نیشانەی(دە) ، لە بنەرەتدا ئاكامی سوواندنی (د)ی نیشانەی (دە)ەكە بووە نەك گۆرینی دەنگی (د)ی (دە) بە (هەمزە) وەك (د.ئەورەحمان )بۆی چووە

هەر ئەم چەشنە سوواندنەی دەنگی(د) و لێكەوتنەوەی (ئە) لێی ، سەرنجی ساغكەرەوانی دیوانەكەی (مەحوی)شی راكێشاوە و لە پەراوێزی ئەم بەیتەی دا :

پێ گەیو دەروێشە ، دا سوبحەی شەهنشایی بكا

نو ری عومری صەرف ئەكا بۆ كەشفی تا ریكی لە خەڵق

نووسیویانە : (( مەحوی لەم بەیتەدا فیعلی (ئەكا)ی بە (دە) دەست پێ نەكردووە ، وەك هەموو جارێ وا دەكا ، چونكە پێویستی راگرتنی ئاوازی بەیتەكە وای دەوێ (صەرف ئەكا) بە (صەرفەكا) بخوێنرێتەوە ، ئەم دیاردەیە لەگەڵێ شوێنی تریشدا لەبەر ناچاری دووبارە دەبێتەوە )) (٦١)

دیارە ئەم سەرنجەیان راستەو لە جێگای خۆیدایە ، هێندە هەیە لە لایەك كە دەڵێن (بە (دە) دەستی پێ نەكردووە وەك هەموو جارێ وا دەكا ) و لە لایەكی ترەوە كە دە شڵێن (ئەم دیاردەیە لەگەڵێ شوێنی تریشدا لەبەر ناچاری دووبارە دەبێتەوە) ، بوخۆیان دوو تێروانینی پێچەوانەی یەكترن ، هێندەی ئێمەش پێی گەیشتبین (مەحوی) لە دیوانەكەیدا ، نزیكەی (٣١)جار دەنگی (د)ی نیشانەی(دە)ی سوواندووە ، لەو (٣١)جارەش (٨) جاریان لەگەڵ وشەی(مەوج)دا بووە ، ئەمە جگە لە بەكارهێنانی (حەولە دا)و(ئەرزە ناڵێنن) و (هەوڵەدا) و(چارە گرژەكا) (٦٢) ، هەربۆیە بەلای ئێمەوە بەكارهێنانی وشەی (ناچاری) بۆ ئەو دیاردەی سوواندنە لە جێگای خویدا نییەو راسترو دروستتر ئەوەبوو لە ژێر چەمكی (پێویستی شیعریی)دا تێی بروانرایە، هەروەك چۆن زمانەوانە عەرەبەكان لە ژێر هەمان چەمكدا ئاوریان لە دیاردەی هاوشێوە ناو دەقی شیعریی داوەتەوە(٦٣)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شاعیرانی کلاسیکیشمان باش ئاگاداری ئەو چەمکە بوون و توانیویشیانە پەی بەوە بەرن کە دەکرێ بە سوواندنی هەندێ دەنگ ڕێگا لە هاتنی ترپەی نەگونجاو لەگەڵ سیستەمی ئاوازەیی دەقەکانیادا بگرن ، وەك هاتنی دوو دەنگی نەبزواو پێکەوە لە برگەیەکدا بەتایبەتی لە سەرەتاو لە ناوەراستی دێرو بەیتی شیعرییدا کە بۆخۆی یەکێ بووە لە گرفتەکانی بەردەم شیعری عەرەبیش (٦٤)

کەواتە سوواندنی دەنگی (د) یەکە لە دەقی شیعرییدا لە پێناو رەواندنەوەی برگەیەکی قورسدا بووە ،

هەربویە بەلای هەندێ لە زمانەوانەکانمانەوە سوواندنی دەنگی (د) لە هەندێ وشەدا ((بو ئاسانی و دوورکەوتنەوە لە دروست بوونی هێشووە کونسنەنت بووە)) (٦٥)

بەم پییە بەلای ئێمەوە خوێندنەوەی پێی (صەرف دەکا بۆ) بە (صەرفەکا بۆ) لە لایەن خودی(مەحوی) خۆی و شیعردۆستانەوە ، ئاکامی سەلیقەیەکی ئاوازەیی بووە، سەلیقەیەك کە خوێندنەوەی دەقی شیعریی لەگەڵ زانستیی کیشانەکەیدا هاوتا کردووە ، بەو واتایەی کە وەك هونەرێکی دەنگی مامەڵە لەگەڵ شیعردا کراوە هەروەك چۆن لە شیعری عەرەبی و فارسیشدا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە ، ئەم چەشنە مامەڵەکردنەش بۆخۆی بە زاراوەی (نووسینی عەروزی )و(نووسینی ئاوازەیی) دەقی شیعری ناسێنراوە و مەبەست لێیان خوێندنەوەی دەقی شیعرییە بە پێی ئاوازەکەی نەك بەپێی نووسینەکەی

هەرلێرەوە کاتێ روو لە دیوانەکەی (سالم)یش دەکەین ، دەبینین ساغکەرەوانی دیوانەکەی (سالم) ، هەمان ساغکەرەوانی دیوانەکەی (مەحوی)بوون و تا رادەیەك هەوڵیان داوە بە پێی (نووسینی عەروزی) دەقەکان ساغکەنەوە ، بەڵام وەك ئێمە بۆی دەچین ، بینین و ناساندنی دیاردەکە بە ناچاری لای (مەحوی)و خۆ هێشتنەوەیان لە بازنەی گوماندا دەربارەی هاتنی نیشانەی (ئە) لە بری نیشانەی (دە) لای (سالم)یش ، بووەتە هۆی ئەوەی کە دەرك بەوە نەکەن لە هەندێ بەیتدا کە نیشانەی (دە) نووسراوە ، دەبێ هەر بە (ئە) بخوێنرێتەوە ، وەك دەربارەی بەیتێکی (سالم) کە (پێشم ئەدا ) ی تیا هاتووە ، نووسیویانە: (( دەبێ (دەدا) بووبێ و گۆررا بێ))(٦٦) ل٣٤٤ ، هەمان تێبینیشیان دەربارەی هاتنی نیشانەی (ئە) لەبری (دە) لە چەند دەقێکی تری (سالم)دا خستووەتەوە بەردەست ، تەنانەت لە پەراوێزی بەیتێکدا کە (دەست ئەدا)ی تێادا هاتووە ، نووسیویانە : (( سەیرە لە (مان) – واتە دەستنووسە بنەرەتییەکەی بەردەستیان- (ئە) بەکارهێنراوە )) (٦٧) ل٣٣ کە بێگومان نەدەبوایە سەیر بوایە لایان ، هیچ نەبوایە لەوێدا و بۆ ( سالم) ، چونکە لە دوو دەقی تریدا ( دەست ئەبەم ) و ( دەست ئەدا ) (٦٨) هاتوون ، بەڵام وەك دیارە ، هاتنی نیشانەی (ئە) یان بە نا ئاسایی داناوە ، هەربۆیە ئەوەیان بەسەردا تێپەریوە کە لە هەندی بەیتدا کە نیشانەی (دە)ی تیا نووسراوە ، ناشێ بەو شێوەیە بخوێنرێنەوە کە نووسراونەتەوە ، واتە هەر بە(دە)کە بخوێنرینەوە ، چونکە ئاوازی دیرەکە لەنگی تێ دەکەوێت و تێك دەچیت و تەنها بە سوواندنی (د)ی (دە)یەکە لەنگییەکە دەرەوێنرێتەوە ، وەك ئەم لەم دوو بەیتەو لە چەندان بەیتی تریشدا دەرکییان پی دەکرێ :

کە یادی پیرە هەن ئاڵی دەکەم دل وا بە تاو دەکوڵێ

سروشکی جۆششی گریانی چاوم رەنگی گوڵنارە (٦٩)

وەك دەبینرێ دوا پێی دێری یەکەم کە (بە تاو دەکوڵێ) یە ، ئەگەر وەك چۆن نووسراوە وا بخوێنرێتەوە ، ئەوا بەرامبەر پێی (مفاعیلن) ناوەستی ، چونکە برگەکانی شێوەی( ب – ب ب -)یان لێدەکەویتەوە ، لە کاتێکدا


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەبێ شێوەی(ب - - - ) وەربگرن ، بۆیە پێویستە بەو شێوەیە بخوینرێتەوە کە (سالم) خۆی خوێندوویەتییەوە نەك بەو شێوەیەی نووسراوە ، چونکە ڕێی تێ ناچێ سەلیقەی ئاوازەیی( سالم ) ڕێگای بەو لەنگییە دابێ ، بۆیە دەبێ دەنگی (د)ی (دە)کە بسووێنری و بە (بە تا وەك ولێ) بخوێنرێتەوە

لەم بەیتەشدا :

عەرض دەکەم ئەی پادشاهی کردگار

سالم رند از جهان بدنامی چیست (٧٠)

ئەگەر پێی یەکەمی دێری یەکەم کە (عەرض دەکەم ئەی)یەو بەرامبەر (فاعلاتن)ە ، وەك چۆن نووسراوە وا بخوێنرێتەوە ، ئەوا دەبی وشەی (عەرض) ، کە بریتییە لە (/ەە) واتە بزواوێك و دوونەبزواو ، بەیەك برگە دەربرێ ، کە بێگومان ترپەیەکی ئاوازەیی قورسی وای لێدەکەوێتەوە کە لەنگییەکی ئاوازەییی ناپەسەند دروست دەکات ، هەربۆیە خوێندنەوەی دروستی ئەو پێیە لە بنەڕەتدا بە (عەرضەکەم ئەی)بووە

بەم جۆرە لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە هاتنی نیشانەی (ئە)ی ڕانەبردوو و ڕابردووی بەردەوان لە بری نیشانەی (دە) لە ئاکامی سواندنی دەنگی (د)ی نیشانەی (دە)کە لە دەقی شیعری شاعیرانی شیعری باڵای کرمانجی خواروودا ، بەگشتی و لای (سالم) و (مەحوی)یش بە تایبەتی ، بۆ خۆی دیاردەیەکی ئاسایی بووە چونکە لەلایەك لە ژێر چەمکی (پێویستی شیعریی)دا ئەنجام دراوەو لەلایەکی ترەوە ، بە سوود وەرگرتن بووە لە هەمان دیاردەی سووانی دەنگی (د)ی ، کە لە هەندێ وشەی دەقی شیعریی بەرهەم هێنراوی پێش قۆناغەکەیان و تەنانەت پێش بنیاتنانی شاری سلێمانی و لە بەکارهێنانی ڕۆژانەشدا بەدی هاتووە

دیارە ئاساییە لێرەدا ، پرسیار دەربارەی هاتنی نیشانەی(ئە) لەبری نیشانەی(دە) لە دەقی تری هەمان سەردەمدا جگە لە دەقی شیعریی بکرێ ، بۆیە بە پێویستمان زانی بە پێیی ئەو زانیارییانەی تا ئێستا لەبەردەستدان وەڵامی، ئەم پرسیارەش بدەینەوە

هێندەی ئێمە ئاگاداربین لە دەستنووسەکەی ساڵی (١٨١٩ ز) ی پەخشانەکەی (مەولانا خالید)دا هەر نیشانەی (دە) بەکارهاتووە نەك (ئە)، ، تەنانەت لە دەستنووسەکەی سالی (١٨٧٧ز)ی هەمان پەخشاندا نیشانەی (ئە) بەکارنەهێنراوە ، لەکاتێکدا لەو ساڵانەدا لە بەرهەمی شیعرییدا بەکارهێنرابوو ، هەربۆیە (محەمەدی مەلا کەریم)یش دەڵێ : (( لەم نامیلکەیەدا تیپی (ئە) بەسەر فیعلەوە نابینرێ کە ئەوەش وا ئەگەێنی لەوسەردەمەدا هێشتا ئەو قوناغی ئاسانکارییە نەهاتبووە پێشەوە کە پاشان (دە)ی سەرفیعلە موزاریعەکانی هەموو کرد بە (ئە)..))(٧١) عەقیدەنامە لە لێکۆڵینەوەکەی ساڵی (١٨٥٧ز)ی (خۆدزکو)شدا ، نە باس لە نیشانەی (ئە) کراوەو نە لەو ڕستەو دەقانەشدا بەکارهاتووە کە وەك نموونە پیشان دراون

هەرچی دەربارەی پەرینەوەی (ئە)یە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیشدا بۆ ناو دەقی تر جگە لە شیعر ، ، ئەوا هەر وەك (د. ئەورەحمانی حاجی مارف) دەڵێ : (( لە کاتی دەرچوونی ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی یەوە تا ساڵانی ٣٠ دیاردەی بوونی (دە )بە( ئە) بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش دەبینرێ..)) (٧٢)

دەربارەی بڵاوبوونەوەی ئەو چەشنە بەکارهێنانەی (ئە)ش لە ناو نووسەرانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا هەر (د.ئەورەحمانی حاجی مارف) ڕای وایە کە : (( ئەگەرچی لە ئاخاوتنی سلێمانیدا تەنیا (ئە) بەکاردەهێنرێ و


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(دە) بەتەواوی بیرچووەتەوە ، بەڵام لەبەرئەوەی گۆرانێکی شێواوەو سەرەرای ئەوەش چونکە نەك هەر لە دیالێکتی ژووروودا بەڵکو لە زووربەی بەشە دیالێکتەکانی دی خوارووشدا هەر شێوەی (دە) ماوەتەوە ، بۆیە راست وایە لە زمانی ئەدەبی و نووسیندا واز لەو جۆرە تایبەتییە ناوچەییە بهێنرێ )) (٧٣)

لێرەداو دەربارەی ئەم بۆچوونەی (د.ئەورەحمان) دوو سەرنجمان لا گەڵاڵە دەبێت ، یەکەمیان : ئەوەیە کە پێمان ناڵێ بۆچی بەلایەوە نیشانەی (ئە)گۆرانێکی (شێواو)ی (دە) یە و شێواویەکەی لە کوێدایەو لە چیدایە؟ مەگەر تەنها مەبەستی ئەوەبێت کە لێکەوتەیەکی (ناچاری) شیعریی بووە ، هەروەك ساغکەرەوانی دیوانەکەی (مەحوی) بۆی چون ، بۆیە ئەمیش بە گۆرانێکی شێواوی (دە)ی دادە نێت ، ئەمە لەکاتێکدا هەر (محەمەدی مەلا کەریم)کە یەکێك بووە لە ساغکەرەوانی دیوانەکەی (مەحوی) بەکارهێنانی (ئە) لە بری (دە) بە ئاسانکاری دادەنێت ، هەروەك لەو تێروانینەیدا بەدیمان کرد کە دەربارەی پەخشانەکەی (مەولانا خالد)خستوویەتیە بەردەست ، ئەمە سەرباری ئەوەی کە وەك روونمان کردەوە ، لە زۆر بەیتی شیعری کلاسیکیدا ، بەکارهێنان و خوێندنەوەی نیشانەی (دە)کە بۆخۆی ئاوازی دەقەکەی شێواندووە نەك نیشانەی (ئە)کە

سەرنجی دووەمیشمان : دەربارەی ئەو بۆچوونەی (د. ئەورەحمان)ە کە دەڵێ (لە زووربەی بەشە دیالیکتەکانی دی خوارووشدا هەر شێوەی (دە) ماوەتەوە) ، بێ ئەوەی پێمان بڵێ لە کام شێوە زارەی کرمانجی خواروودا ، هەردوو نیشانەکە بەکارهاتوون ، تا بشێ بڵێین هەر شێوەی (دە)ماوەتەوە ، چونکە ئەگەر لە شێوەزارەکانی تری کرمانجی خواروودا بەڵگەی بەکارهێنانی نیشانەی(ئە)ی لە بەردەست بووایە ، ئەوا دەبوو باسی بکردایە و تەنها لە دەقی شیعریدا بە دوای بەکارهێنانیدا نەگەرایە ، بۆیە ئەو چەشنە تێروانینانە بە ئاشکرا سیمای نازانستانەیان پۆشیوەو دەبوو هەرزوو ئاوریان لێ بدرایەتەوە و وەڵام بدرانایەتەوە

دیارە لێرەدا ، بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو پرسیارەش دێتە بەردست کە دەپرسێت : ئایا سووانی دەنگی(د) لە هەندی وشەی کرمانجی خواروودا بەگشتی و سووانی دەنگی (د)ی نیشانەی (دە) بەتایبەتی لە هیچ دەقێکی بەرهەم هێنراوی سەدەی هەژدەدا بەدی دەکرێت یان بەدی ناکرێت؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش و بەپێی ئەو دەقانەی کە لەبەردەستدان ، دەکرێ بڵێین : لە زاری کرمانجی خواروودا بەگشتی و لە شێوە زاری سلێمانیدا بەتایبەتی ، تا ئێستا لە (نالی) بەرەو خوارتر دەقی شیعریی ساغکراوەی (خەواص /باڵا) مان لەبەردەستا نییە تا بیانکەین بە بەڵگەی وەڵامدانەوە کەمان

هەرچی لەو دەقانەشدایە کە دەچنە ژێر چەمکی ئەدەبی (عەوام/سانا)وەو لە سەدەی هەژدەدا بەرهەم هێنراون و تا ئێستا لە بەردەستدان ، ئەوا ئەم تێبنیانەیان لی بە دەست دەهێنرێن :

١- لە فەرهەنگی (ئەحمەدی)یەکەی (شێخ مارفی نۆدێی)دا کە لە ساڵی (١٧٩٤ز)دا ، واتە دە ساڵێك دوای بنیاتنانی شاری سلێمانی دانراوە

- هەردوو وشەی(کونە ) و (کوندە) هاتوون
- هەردوو وشەی (پادشا) و (پاشا ) هاتوون (٧٤)

٢- لە دەقێكی شیعری بەرهەم هێنراوی ساڵی( ١٧٤٣ز)دا ، یەكجار وشەی(كر) لەبری (كرد) بەكارهاتووە بەڵام لەبەرئەوەی مێژووی دەستنووسەكەی نازانرێ ، لە بازنەی گوماندا دەیهێڵینەوە و نایكەینە بنەمای هیچ ئەنجامێك، بەیتەكەش ئەمەیە:

خالید پاشای بە حوكمات

ئەوی خۆش كر بوو ولات (٧٥)

٣- لە دەقێكی شیعری تردا كە دەستنووسێكی لە ساڵی (١١٩٩ك/١٧٨٤ز)نووسراوەتەوە ، یەكجار وشەی(رابوار) لە بری(رابوارد) بەم شیوەیە هاتووە :

دەوی عالەمی خاكی

پر میحنەت و پر ئازار

پر دەردو دەرد ناكی

عومری خویان رابوار

بە تاعەت و بە پاكی (٧٦)

لە پەراویزی ئەو دیرەشدا باس لە جیاوازی دەستنووسەكان نەكراوە ، واتە لە هەموویاندا هەر (رابوار) بووە و وەك دیاریشە (سووانی دەنگی (د)ی (رابوارد) لە پێناو هاوقافیەكردنی دێرەكاندا بووە ، بۆیە نابێتە جێگای گومان لەلامان و بە دروستی دەزانین

لە هەندێ دیرێ تریشدا وشەكانی (زیاتر)و(زیادترن)و (زیاد) دەبینرێن كەواتە دیاردەی سووانی دەنگی(د) لە هەندی وشەدا لە پێش بنیاتنانی شاری سلیمانییەوە لە ئارادابووە

هەر لەو دەقەداو لەم بەیتەشدا وشەی (ئەگەن) لەبری (دەگەن) بەكارهاتووە :

ئەگەن چەند پیغەمبەران

دەچن بۆ شەفاعەتان (٧٧)

لە پەراوێزی ئەم بەیتەشدا نووسراوە : (( لێرەدا نووسخەی( أ)بەهۆی درانەوە تەواو دەبێت ، لێرە بە دواوە بە گوێرەی نوسخەی(١ ) دەینووسین )) ، وەك دەریش دەكەوێت دەستنووسی (أ) مێژووەكەی دیارنییە ، وەك دەستنووسی (١) كە ساڵی ١٧٨٤ز)ە و ساغكەرەوەی دەقەكەش باسی لەوە نەكردووە كە وشەی (ئەگەن) لە دەستنووسەكانی تردا (دەگەن) بێت ، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی مێژووی دەستنووسی (أ) كە وشەكەی تێدا هاتووە ، دیار نییە ، بۆیە ناتوانین لێرەداو بۆ ئێستا گومان دەربارەی برەوێنینەوە و وەك بەڵگەیەكی بەكارهێنانی (ئە)لە شیعری (سانا/عەوام)دا بیخەینە بەردەست

٤- لە مەهدینامەكەی (ئیبن ئەلحاج)یشدا ، كە بەرهەم هێنراوی ساڵی (١٧٦٢ز)یە، هەردوو وشەی (ئەڵێ)و(رایەخەن) دەبینرێن (٧٨) ، بەڵام ناتواتین دڵنیابین لە دروستی هاتنیان ، چونكە دەستنووسەكەی بەردەست لە ساڵی (١٨٦٥ز)دا نووسراوەتەوە ، واتە لە سەردەمێكدا كە دیاردەی بەكارهێنانی (ئە) لە شیعری (خەواص /بالا)دا شوێنی خۆی كردبووەوە

هەرچۆنی بێت دەشێ لە داهاتوودا بە دۆزینەوەی دەستنووسی تری ئەو دەقانە یاخود دەقی شیعریی تر بەكارهێنانی (ئە)لەبری(دە) لە پێش بنیاتنانی شاری سلێمانییەوە یەكاڵاببێتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێستادا و


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بۆ ئێرە و لەگەڵ نەبوونی بەڵگەی بەکارهێنانی (ئە) لە بری (دە) لە پێش بنیاتنانی شاری سلێمانی ، هێشتا هەر بۆ ئەوە دەچین کە بەکارهێنانی (ئە)ی لێکەوتەی سووانی دەنگی(د)ی نیشانەی (دە) ، لای شاعیرانی سەدەی نۆزدەی کرمانجی خووارووە ، سەرچاوەکەی شیعری (سانا /عەوام)ی ساڵانی سەدەی هەژدە ی پێش بنیاتنانی شاری سلیمانی بووە ، بەو پێیەی بەلامانەوە دیاردەی سووانی دەنگی(د) ی هەندی وشە بە گشتی و (د)ی پۆست پۆزیشنی(دا) بەتایبەتی ، لە شیعری (سانا /عەوام)ی سەدەی هەژدەدا ، لەلایەك و رۆڵ بینینێکی دیاری پریپۆزیشنی (ئە) بە ئەرکی رێزمانی جیاجیا لە هەندێ شێوە ئاخاوتنی کرمانجی خواروودا ، وەك : (ئەسەر ، ئەجێ ، ئەدەست ) لە پاڵ (دە جێی ، دە دەست ) لەلایەکی ترە ، بۆخۆیان رێگە خوشکەر بوون بۆ سوواندنی دەنگی(د)ی نیشانەی (دە) لە شیعری (سانا / عەوام)ی سەدەی هەژدەدا و دواتریش لە شیعری باڵای سەدەی نوزدەدا ، بەواتەیەکی تر دیاردەی بەکارهێنانی (ئە) لەبری (دە) لە شیعری (سانا/عەوام)ەوە سەرچاوەی گرتووە و لەوێوە پەریوەتە ناو شیعری باڵاوە ، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بە هەڵگری سیمای زمانی (سانا عەوام) تێی بروانرێ ، هەر وەك چۆن لە سووانی دەنگی (د)ی پۆستپۆزیشنی (دا)ش روانراوە، وەك ئێمەش بۆی دەچین ، هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە (نالی ) خۆی لە بەکارهێنانی نیشانەی (ئە)یەکە بپارێزی و کەمتریش روو لە سووانی دەنگی (د)ی (دا) بکات ، تا شێوازە شیعرییەکەی بەرەو رێچکەی زمانێکی باڵا ئاراستە بکات ، کە خودی خۆی وەك شارەرەزایەکی بواری زمان کاری رەنگ رشتنی بۆ دەکرد ، بەو مەبەستەی ئەو تێروانینە دا بماڵێنێ لە زمانی کوردی کە تەنها زمانی ئاخاوتنی رۆژانەو زمانی ئەدەبی (سانا /عەوام)ە نەك زمانی ئەدەبی باڵا و زمانی رۆشنبیری

دەکرێ لێرەدا بە ئاوردانەوەمان لە دوو تێروانینی (توفیق وەهبی) ، ئەو بۆچوونانەمان روونتر و جێگیرترکەین ، لە تێروانینێکیدا (توقیق وەهبی) دەڵێ : ((مامۆستا سعید صدقی نووسەری (مختصر صرف و نحوی کوردی ) (۱۹۲۸) ، مەلایەکی پیرەمێرد بوو کە دەشێ لە بەرەودوایی ۷۰کانی سەدەی نۆزدەدا چوبێتە بەرخوێندن لە مزگەوتەکانی سلێمانیدا ، لە سەردەمێکدا کە مرۆڤی سلێمانی هێشتا (دە)ی پیتە قالبی یان نەگۆری بوو بە (ئە) ، بەتایبەتی لە زمانی ئەدەبی(شیعر)دا ، مامۆستا سعید صدقی لە مختصر صرف و نحو) ەکەیدا (۱۹۲۸) هەمیشە (دە)ی بەکارهانیوە ، لەمە وا دەردەکەوێ کە دەبێ مامۆستا بەکارهێنانی (ئە)ی لە باتی (دە) بە گۆرینێکی عامی زایبی )) (۷۹) وەك دیارە هۆی دەرك پێ نەکردنی (توفیق وەهبی ) بە هاتنی نیشانەی (ئە) لە بری (دە) لە لای شاعیرانی سەدەی نوزدە ، ئەوە بووە کە نووسین و خوێندنەوەی دەقی شیعری لێك جیانەکردووەتەوە

هەرچی ئەو بۆچوونەشیەتی کە بەلایەوە هۆی بەکارنەهێنانی (ئە) لەلایەن (سەعید سدقی)یەوە ئەوە بووە کە بەکارهێنانی (ئە)ی بە گۆرینێکی عامی زانیبی ، ئەوا بۆخوی بەلای ئێمەشەوە راستەو دەشبێتە پشتگیری کەری ئەو بۆچوونەی ئێمەش کە خۆ پارێزی (نالی) لێی هەر بەو هۆیەوە بووە کە لە شیعری (سانا/عەوام)ەوە سەرچاوەی گرتووە

تێروانینەکەی تری (تۆفیق وەهبی) ئەوەیە کە دەڵێ : (( لە ساڵانی ۱۸۹۸ ۱۸۹۹دا کە چاك سیوام کرابووەوە ، گوێم لە فوتابی لە خۆم گەورەتر دەبوو کە شیعری کوردییان دەخوێندەوە ، ئەو فوتابییە گەورانە هەمیشە(ذە)(بە دالی کلۆر)یان لە باتی (دە)و (ئە) تەلەفوز دەکرد ))(۸۰) کە بیگومان بەلایەوە خویندنەوەیەکی نادروست بووە بەو پییەی بەلایەوە دەبوو وەك چون نووسراوە هەرواش بخوینرایەتەوە کە تەواو پیچەوانەی بوچوونەکەی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئیمەیە و دەکری ئەو راستییەی لی بەست بینین کە ئەو قوتابیانە وەك شیعردوستیك و شارەزایەك لە زانستی کیشی عەروزی ، ئاگاداری ئەوە بوون کە ناشێ وەك نووسین مامەڵە لە گەڵ دەقی شیعرییدا بکەن بەلکو بو دەقی شیعریی پێویستە نووسین و خویندنەوە لە یەك جیا بکەنەوە ، هەر ئەو چەشنە راهاتنەش لەسەر خویندنەوەی دەقی شیعری (باڵا) بووە هۆی ئەوەی کە بەکارهێنانی نیشانەی (ئە)لە بری (دە) جێگای خۆی لەناو بنیاتی زمانی و بنیاتی ئاوازەیی دەقی شاعیرانی تری هاوتەمەنی شیعری (مەحوی)و شاعیرانی دواتریشدا بکاتەوەو هەر لەوێشەوە بپەرێتەوە بۆ ناو رۆشنبیران و نووسەرانی رۆژنامەو گوڤارەکانی سەدەی بیستەم لە کرمانجی خوارووداا

ئەنجام

١ - بەکارهینانی هەردوو زاراوەی (دەنگەگورکی)و (سووان) لە پال زاراوەی ترو لە شوینی یەکتر بەهەمان چەمك بووەتە هوی نا روونی لیکولینەوەکان و لیکەوتنەوەی بوچوون و تیروانینی نادروست دەربارەی هەندی دیاردەی فونولوژی لە زمانی کوردیدا

٢ - کومەلی لەو وشانەی کە لیکولەرانمان خستوونیاننەتە ژیر چەمکی دیاردەی دەنگەگورکی یان سووان لە شیوەزاری سلیمانیدا بوخویان وشەی رەسەن و بەکارهاتووی شیوەزارەکانی تری کرمانجی خوارو بوون بویە راستتر ئەوە بهینرینە ژیر چەمکی جیاوازی ( لیکسیکی – فەرهەنگی ) نیوان زارووشیوەزارەکانی زمانی کوردییەوە

٣ - هینانەوەی دەقی شیعری بو بەلگەی دیاردەی دەنگەگورکی یان سووانی دەنگ (د) یان هەر دیاردەیەکی دەنگیی تر دەبی لەروانگەی ئەو راستییەوە بیت کە شیعر هونەریکی دەنگی یە بویە پیویستە پشت بە خویندنەوەی دەقەکە ببەستریت نەك بە نووسینی دەقەکە بەو پییەی نووسین و خویندنەوەی دەقی شیعری زورجار دوو دیوی جیایان لە یەکتر لیدەکەویتەوە هەربویە دەرك نەکردنی لیکولەرانمان بەم راستییە بووەتە هوی ئەوەی کە تیروانینەکانیان دەربارەی هەردوو دیاردەکە لە دەقی شیعری شاعیرانماندا نازانستانەو ناکامل بن

٤ – سەرچاوەی سووانی دەنگی (د)ی پوستپوزیشنی (دا) شیعری( سانا/عەوام)ی بەرهەم هینراوی پیش بنیاتنانی سلیمانی بووە و لە زمانی شیعری عەوامەوە دابەزیوەتە ناو شیعری شاعیرانی سەدەی نوزدەو ناو زمانی ئاخاوتنی خەلکی سلیمانیەوە بە واتایەکی تر

سووان ی دەنگی (د)ی پوستپوزیشنی (دا) نە دیاردەیەکی تایبەت بووە بە شیوە زاری سلیمانییەوە و نە تەنهاش لە دەقە شیعرییەکانی شاعیرانی سەدەی نوزدەدا دەبینری وەك لیکولەرانمان بوی چوون بەلکو :

ا - لەو دەقانەشدا دەبینریت کە لە سالی ( ١٨٥٣-١٨٥٤ ز)دا (ئەحمەد پاشای بابان) خستویەتییە بەردەست (خودزکو) بەلام نە خودی (خودزکو) و نە وەرگیرو پیشەکی نووسی لیکولینەوەکەی (خودزکو) نەك هەر دەرکیان بەوە نەکردووە کە ئەحمەد پاشا لە پال پوسپوزیشنی (دە) ، پوستپوزیشنی (دا) شی بەکارهیناوە بەلکو دەرکیان بەوەش نەکردووە کە لە هەندی وشەی ناو دەقەکاندا دەنگی (د)ی پوستپوزیشنی (دا)کەش سووینراوە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەمەش دەبیتە بەلگەی ئەوەی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نوزدەدا دیاردەی سووان ی (د)ی (دا) هەر لە دەقی شیعرییدا بەدی نەهاتووە بەلکو لە زمانی ئاخاوتنی روژانەی ناو شاری سلیمانیشدا بەدی هاتووە

ب - لە هەندی دەقی شیعری بەرهەمهینراوی پیش بنیاتنانی شاری سلیمانی لە دوا چارەکی سەدەی هەژدەدا دیاردەی سووان ی دەنگی (د)ی (دا) دەبینری بویە بەستنەوەی ئەو دیاردەیە بە شیوەزاری سلیمانییەوە لە لایەن لیکولەرانمانەوە کاریکی نادروست و نا زانستانەیە

٥ دەربارەی دیاردەی بەکارهینانی نیشانەی (ئە) لە بری نیشانەی (دە)ی رانەبردوووڕابردووی بەردەوامیش لە شیوەزاری سلیمانیدا ، ئەوا :

ا – نیشانەی (ئە) لیکەوتەی (سووان)ی دەنگی (د)ی (دە) بووە نەك گورینی دەنگی (د)ەکە بە (هەمزە) وەك لیکولەرانمان بوی چوون بویە راستتر ئەوەیە لە ژیر چەمکی (دەنگەگورکی) بهینریتە دەرەوەو بخریتە ژیر چەمکی دیاردەی (سووان)ەوە

ب – سەرەتای بەکارهینانی نیشانەی(ئە) لەبری نیشانەی(دە) لە شیوەزاری سلیمانیدا ، لە دەقی شیعرییەوە سەرچاوەی گرتووە نەك لە زمانی ئاخاوتنەوە و بوخوی ئاکامی سووانی دەنگی (د)ی (دە) بووە بە پیی سیستەم و بنیاتی ئاوازەیی دەقی شیعریی واتە ئاکامی لادانیکی ئاوازەیی بووە لە بازنەی پروسەی خویندنەوەی شیعردا نەك لە بازنەی پروسەی نووسینەوەی شیعردا

پ - ریژەی بەکارهینان و بەکارنەهینانی نیشانەی (ئە) لە بری (دە) لای شاعیرانی سەدەی نوزدەی کرمانجی خواروو پەیوەندی بە شیوازی شیعریی شاعیرەکان خویانەوە هەبووە

ت - دیاردەی سووانی دەنگی(د) بە گشتی و (د)ی پوست پوزیشنی(دا) بەتایبەتی لە شیعری عەوامی سەدەی هەژدەدا و لە زمانی ئاخاوتنی شاری سلیمانی سەدەی نوزدەدا لەلایەك و رول بینینیکی دیاری پریپوزیشنی (ئە) بە ئەرکی ریزمانی جیاجیا لە هەندی شیوە ئاخاوتنی کرمانجی خوارووداً پیش بنیاتنانی شاری سلیمانی وەك : (ئەسەر ، ئەجێ ، ئەدەست ) لە پال (دە جیی ، دە دەست ) و بەکارهینانی (تە) لە بری نیشانەی(دە) لەلایەکی ترەوە ، بوخویان ریگە خوشکەر بوون بو رووکردنە ئەو لادانە ئاوازەییەی دەقی شیعری کە سووانْدنی دەنگی(د)ی نیشانەی (دە)ی کرداری رابرنەبروو و رابردووی بەردەوامی لیکەوتووەتەوە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پەراویزەکان :

١- بروانە : زمانەوانی د محمد معروف فتاح چاپخانەی دار الحکمە بەغدا ١٩٩٠ :١١٨ ، هەروەها بروانە : چەند تایبەتیتییەکی ناوچەی گەرمیان لە روی فونەتیك و گراماتیکەوە نامەی دکتورا روکان عەبدولا محەمە سکولی زمان زانکوی سلیمانی ٢٠١٥ : ٦٨

٢- دیاردەکانی دەنگی(د) لە شیوەی سلیمانیدا د.ئەورەحمانی حاجی مارف بەغدا ٢٠٠٠ : ٣-٤

٣- سەرچاوەی پیشووك ٢١

٤- دەنگسازی چەند بابەتیکی فونولوجی کوردی دکتور تالیب حوسین عەلی چاپی یەکەم هەولیر ٢٠١٥ : ١٥٦

٥- کەشکولی کەلەپووری ئەدەبی کوردی محمد علی قەرەداغی بەرگی یەکەم چاپی یەکەم چاپخانەی الحوادپ بەغدا ١٩٨٠ : ٤٧

٦- دیاردەکانی دەنگی(د) لە شیوەی سلیمانیدا ٢٢

٧- دەنگسازی چەند بابەتیکی فونولوجی کوردی ١٥١

٨- تذکرة العوام یان بەیتی ئەووەل و ئاخیر دانراوی مەلا محەمەدی سیوچی لیکولینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی چاپی یەکەم چاپخانەی کامەرانی سلیمانی ١٩٧٩ : ٣٩ و٥٣ ، ٤٦ و ٦٢

٩- کەشکولی کەلەپووری ئەدەبی کوردی : ٣٨ ٤٣

١٠- مەهدی نامە دانانی ماموستا مەلا محەمەدی حاجی حەسەن ابن الحاج لیکولینەوەو پیشکەش کردنی محەمەد عەلی قەرەداغی پیا چوونەوەی شوکر مستەفا چاپخانەی کوری زانیاری کورد بەغدا ١٩٧٥:٣٠، ٣٦

١١- دیاردەکانی دەنگی(د) لە شیوەی سلیمانیدا: ٢٢

١٢- دەنگسازی چەند بابەتیکی فونولوجی کوردی ١٥٥

١٣- تذکرة العوام یان بەیتی ئەووەل و ئاخیر ٢٩ ٤٦

١٤- سەرەتاییك لە فیلولوژی ی زمانی کوردی محەمەد ئەمین هەورامانی چاپخانەی مەعاریف بەغدا ١٩٧٤ ل ٦٩-٧١

١٥- چەند تایبەتیتییەکی ناوچەی گەرمیان لە رووی فونەتیك و گراماتیکەوە ، روکان عەبولا محەمەد ، نامەی دکتورا ، زانکوی سلیمانی سکولی زمان ٢٠١٥ : ٦٩

١٦- سەرچاوەی پیشوو ل٧٣

١٧- نەوبەهاری خانی و ئەحمەدی شیخ مارفی نودی عەلی فەتاح دزەیی مگبعە الپقافە والشباب اربیل ١٩٨٥ ١٣

١٨- کەشکولی کەلەپووری ئەدەبی کوردی ٣٨ ٤٣

١٩- زمانەوانی ١٢٣

٢٠- سەرچاوەی پیشوو ١١٦


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٢١- لیکولینەوە زمانیەکان کوکردنەوەو ئامادەکردنەوەی شیروان حسین خوشناو شیروان میرزا قادر دەزگای موکریان هەولیر ٢٠١٠ ٣٧١
٢٢- سەرچاوەی پیشوو ٣٧٠
٢٣- فەرهەنگ و پروسەی بە لیکسیمبوون نامەی ماستەر محەمەد مەجید سەعید سکولی زمان بەشی زمانی کوردی زانکوی سلیمانی ٢٠١٥ ل٥١
٢٤- بروانە : فەرهەنگی هەنبانە بورینە فرهنگ کردی فارسی هەژار سروش تهران ١٣٧٦ هەروەها بروانە فەرهەنگی هەرشان کومەلیك ماموستا کوری زانیاری کوردستان لیژنەی فەرهەنگ دەزگای ئاراس هەولیر ٢٠٠٧
٢٥- زمانەوانی ١١٧
٢٦- نامەیەکی بەریز (د.سەباح رەشید) کە لە روژی لەوەلامی چەن پرسیاریکماندا بوی ناردبووین
٢٧- د.تالیب لە کتیبەکەیدا (دەنگسازی چەند بابەتیکی فونولوجی کوردی) باسی نەکردووون
٢٨- دیاردەکانی دەنگی(د) لە شیوەی سلیمانیدا ١٠
٢٩- سەرچاوەی پیشوو ٤-٥
٣٠- سەرچاوەی پیشوو ٤
٣١- چەپکیك لە گولزاری نالی مەسعوود محەمەدچاپخانەی کوری زانیاری کورد بەغداد ١٩٧٦ ل١٣٧
٣٢- دیوانی نالی ٩٤ ١٩٧ ٢٠٤ ٦٣٠
٣٣- دیاردەکانی دەنگی(د) لە شیوەی سلیمانیدا ٤
٣٤- دەنگسازی چەند بابەتیکی فونولوجی کوردی ١٤٩
٣٥- دیوانی نالی ٤٦٩
٣٦- سەرچاوەی پیشوو ٦١٩
٣٧- دیوانی سالم عەبدوررەحمان بەگی صاحیبقران بەرگی یەکەم ساغکردنەوەو لیکدانەوە مەلا عەبوکەریمی مودەرریس فاتیح عەبولکەریم محەمەدی مەلا کەریم ئامادە کردن سدیق سالح بنکەی ژین سلیمانی ٢٠١٥ ٩٦ ١٠١ ١١٤
٣٨- سەرچاوەی پیشوو ٣٢٣ ١٤ ٢٦٩
٣٩- لە سیمینارێکمدا کە روژی ٢٠١٨/٢/٧ لە بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی پێشکەشم کرد باسی دەقەکەی (ئەحمەد پاشا)م کرد
٤٠- چەند لیکولینەوەیەکی فیلولوژی دەربارەی زمانە کوردی دیالیکتی سلیمانی ، ئەلیکساندەر خودزکو، نەجاتی عەبدوللا لە فەرەنسییەوە کردووەیە بەکوردی پیشەکی و پەراویزی بو نووسیوە ، پیداچوونەوەی زمانەوانی و پیشەکی فەرهادشاکەلی ، بنکەی ژین سلیمانی ٢٠٠٥ ٧١


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٤١- سەرچاوەی پیشوو ٢٣

٤٢- سەرچاوەی پیشوو ٧٨ ٨٧

٤٣- سەرچاوەی پیشوو ٨٨ ١٤٢

٤٤- سەرچاوەی پیشوو ١١٩ ١٢٤

٤٥- سەرچاوەی پیشوو ١٤٢ ١٤٧

٤٦- سەرچاوەی پیشوو ١٤٣ ١٤٨

٤٧- گوڤاری کوری زانیاری کورد مەسعوود محەمەد رینووسی کور بەرگی چوارەم بەغدا ١٩٧٦ ل٢٧١- ٢٧٢

٤٨- عەقیدەی ئیمان-عەقیدەی کوردی ، کونترین دەستنووس:١٩١٨/٥/١٦ : کوو کورت کردنەوەی خالید شارەزووریی نەقشبەندی ، ئاشناکردن و لیکولینەوەی ، بابی لالو – کەمال رەئووف محەمەد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، ئەربیل ،٢٠٠٤ ١٥٥

٤٩- سەرچاوەی پیشوو ٢٦٩

٥٠- سەرچاوەی پیشوو ١٥٥ ١٥٦

٥١- سەرچاوەی پیشوو ٢٧١ ٢٧٢

٥٢- چەند لیکولینەوەیەکی فیلولوژی دەربارەی زمانە کوردی دیالیکتی سلیمانی ٧١

٥٣- تذکرة العوام یان بەیتی ئەووەل و ئاخیر ٢٤ ٣٤ ٤٩ ٥٢

٥٤- ئاشتی حوجی حەسەن ، (دا) دزمانی کوردیدا کرمانجیا سەری و خواری) وەك نموونە، زانکویا دهوك ٢٠١٦

٥٥- کەشکولی کەلەپووری ئەدەبی کوردی ٥٤ ٤٢ ٤٥ ٤٦

٥٦- گوڤاری کوری زانیاری کورد مەسعوود محەمەد رینووسی کور بەرگی چوارەم بەغدا ١٩٧٦ ل٢٧١- ٢٧٢

٥٧- دیاردەکانی دەنگی(د) لە شیوەی سلیمانیدا ١٦

٥٨- دیاردەکانی دەنگی(د) لە شیوەی سلیمانیدا ١٧ -١٨

٥٩- دیوانی مەحوی ١٧٤

٦٠- التقاء الساکنین بین القراء والنحویین د عبدالرحمن بن محمود مجلة معهد الامام الشاطي للدراسات القرانیة العدد الثانی عشر دوالحجة ١٤٣٢ه ٨٤

٦١- دیوانی مەحوی ٦١

٦٢- سەرچاوەی پیشوو ١٧ ٦٨ ٧٩ ١٢٣

٦٣- الضرورةالشعریةومفهومها لدی النحویین ابراهیم بن صالح الحندود http://vb.arabsgate.com/showthread.php?t=477345

٦٤- التقاء الساکنین بین القراء والنحویین ٨٧

٦٥- **دەنگسازی چەند بابەتیکی فونولوجی کوردی ١٢٤**

٦٦- **دیوانی سالم بەرگی یەکەم ٣٤٤**

٦٧- **دیوانی سالم بەرگی یەکەم و دووەم : ٣٣ هەرەها لاپەرەکانی ٤٧ ٣٥٤ ٤٨٦ ٦٩٤ ٧٥٢**

٦٨- **دیوانی سالم بەرگی یەکەم ٣٠ ٢٩١**

٦٩- **دیوانی سالم بەرگی دووەم ٧٥٢**

٧٠- **دیوانی سالم بەرگی یەکەم ٢٩٩**

٧١- **عەقیدەی ئیمان-عەقیدەی کوردی ٢٦٥**

٧٢- **دیاردەکانی دەنگی(د) لە شیوەی سلیمانیدا ١٨**

٧٣- **سەرچاوەی پیشوو ٢١**

٧٤- **لوغەت نامەی ئەحمەدی دانراوی شیخ مەعروفی نودی راست کردنەوەو وینەدارکلردنی بە تیکوشانی عبدالرحیمی مەحموودی منتدی اقرا الیقافی اتشاراتی کردستان سنە ١٣٧٩ ٢٤ و ٤٩ ١٦ و ١٩**

٧٥- **کەشکولی کەلەپووری ئەدەبی کوردی ٢٥**

٧٦- **تذکرة العوام یان بەیتی ئەووەل و ئاخیر ٣٢**

٧٧- **سەرچاوەی پیشوو ٤٧**

٧٨- **مەهدینامە ٦٠ ٦١**

٧٩- **گوڤاری کوری زانیاری کورد بەرگی یەکەم بەشی یەکەم ١٩٧٣ ٢٢**

٨٠- **سەرچاوەی پیشوو ٢٢**

**سەرچاوەکان**


- **تذکرة العوام یان بەیتی ئەووەل و ئاخیر دانراوی مەلا محەمەدی سیوچی لیکولینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی چاپی یەکەم چاپخانەی کامەرانی سلیمانی ١٩٧٩**
- **چەپکیك لە گولزاری نالی مەسعوود محەمەدچاپخانەی کوری زانیاری کورد بەغداد ١٩٧٦**
- **چەند تایبەتییەکی ناوچەی گەرمیان لە رووی فونەتیك و گراماتیکەوە ، روکان عەبدولا محەمەد ، نامەی دکتورا ، زانکوی سلیمانی سکولی زمان ٢٠١٥**
- **چەند لیکولینەوەیەکی فیلولوژی دەربارەی زمانە کوردی دیالیکتی سلیمانی ، ئەلیکساندەر خودزکو، نەجاتی عەبدوللا لە فەرەنیسییەوە کردووەیە بەکوردی پیشەکی و پەراویزی بو نووسیوە ، پیداچوونەوەی زمانەوانی و پیشەکی فەرهادشاکەلی ، بنکەی ژین سلیمانی ٢٠٠٥**
- **دیاردەکانی دەنگی(د) لە شیوەی سلیمانیدا د.ئەورەحمانی حاجی مارف بەغدا ٢٠٠٠**
- **دەنگسازی چەند بابەتیکی فونولوجی کوردی دکتور تالیب حوسین عەلی چاپی یەکەم هەولیر ٢٠١٥**

- (دا) دزمانی کوردیدا کرمانجیا سەری و خواری) وەك نموونە، ئاشتی حجی حەسەن ، زانکویا دهوك ٢٠١٦
- دیوانی سالم عەبدوررەحمان بەگی صاحیبقران بەرگی یەکەم ساغکردنەوەو لیکدانەوە مەلا عەبوکەریمی مودەرریس فاتیح عەبولکەریم محەمەدی مەلا کەریم ئامادە کردن سدیق سالح بنکەی ژین سلیمانی ٢٠١٥
- زمانەوانی د محمد معروف فتاح چاپخانەی دار الحکمە بەغدا ١٩٩٠
- سەرەتاییك لە فیلولوژی ی زمانی کوردی محەمەد ئەمین هەورامانی چاپخانەی مەعاریف بەغدا ١٩٧٤
- کەشکولی کەلەپووری ئەدەبی کوردی محمد علی قەرەداغی بەرگی یەکەم چاپی یەکەم چاپخانەی الحوادپ بەغدا ١٩٨٠
- لیکولینەوە زمانیەکان کوکردنەوەو ئامادەکردنەوەی شیروان حسین خوشناو شیروان میرزا قادر دەزگای موکریان هەولیر ٢٠١٠
- لوغەت نامەی ئەحمەدی دانراوی شیخ مەعروفی نودی راست کردنەوەو وینەدارکلردنی بە تیکوشانی عبدالرحیمی مەحموودی منتدی اقرا الپقافی اتشاراتی کردستان سنە ١٣٧٩
-

- فەرهەنگی هەنبانە بورینە فرهنگ کردی فارسی هەژار سروش تهران ١٣٧٦ هەروەها بروانە فەرهەنگی هەرشان کومەلیك ماموستا کوری زانیاری کوردستان لیژنەی فەرهەنگ دەزگای ئاراس هەولیر ٢٠٠٧
- عەقیدەی ئیمان-عەقیدەی کوردی ، کونترین دەستنووس:١٩١٨/٥/١٦ : کوو کورت کردنەوەی خالید شارەزووریی نەقشبەندی ، ئاشناکردن و لیکولینەوەی ، بابی لالو – کەمال رەئووف محەمەد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، ئەربیل ،٢٠٠٤
- نەوبەهاری خانی و ئەحمەدی شیخ مارفی نودی، عەلی فەتاح دزەیی ،مگبعە الپقافە والشباب ،اربیل ١٩٨٥

- گوڤاری کوری زانیاری کورد ،مەسعوود محەمەد ، رینووسی کور بەرگی چوارەم بەغدا ١٩٧٦

- فەرهەنگ و پروسەی بە لیکسیمبوون ،نامەی ماستەر، محەمەد مەجید سەعید سکولی زمان بەشی زمانی کوردی زانکوی سلیمانی ٢٠١٥
- **تایبەتیتییەکی ناوچەی گەرمیان لە روی فونەتیك و گراماتیکەوە ،نامەی دکتورا ،روکان عەبدولا محەمە** سکولی زمان زانکوی سلیمانی ٢٠١٥
- الضرورةالشعریةومفهومها لدی النحویین ابراهیم بن صالح الحندود
http://vb.arabsgate.com/showthread.php?t=477345
- التقاء الساکنین بین القراء والنحویین ، د عبدالرحمن بن محمود ، مجلة معهد الامام الشاطي للدراسات القرانیة العدد الثانی عشر دوالحجة ١٤٣٢ه

**کورتەی لێکۆڵینەوەکە**

**لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە پێی ڕێبازێکی وەسفی و بە ئاوردانەوە لە هەندێ دەقی ئەدەبی ، بۆچوون و تێروانینێکی نوێمان دەربارەی دەنگی(د) و هەردوو نیشانەی (دە)و(ئە)ی ڕانەبردووو ڕابردووی بەردەوام لە شێوە زاری سلێمانیدا و لە ژێر هەردوو چەمکی (دەنگەگۆرکێ)و(سووان)دا خستووەتە بەردەست و کۆمەڵێ ئەنجامی جیامان لە ئەنجامی لێکۆڵەرەرانی تر تیایدا گەڵاڵە کردووە**

**بە گشتیش لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام ، لە دوو بەش پێکهاتووە :**

**لە بەشی یەکەمدا کە بەناونیشانی (دەنگی (د) لە ژێر چەمکی (دەنگەگۆرکێ دا)یە ، ئاورمان لەهەندێ لەو وشانە داوەتەوە کە لێکۆڵەرانمان وەك نموونەی دیاردەکە هێناونیانەتەوەو تێروانینی نوێمان دەربارەیان و دەربارەی خودی دیاردەی (دەنگەگۆرکێ)ش خستووەتە بەردەست**

**لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەشماندا کە بەناونیشانی (دەنگی(د) لە ژێر چەمکی(سووان )دا)یە ، بۆچوونی خۆمان دەربارەی دەنگی(د) بەگشتی و دەربارەی هەردوو نیشانەی (دە)و(ئە)ی ڕانەبردووو ڕابردووی بەردەوام بەتایبەتی ، لە بازنەی دیاردەی (سووان)دا خستووەتە بەردەست**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ملخص البحث**

**نظرة جديدة الى ظاهرتي (التبادل و الاستهلاك الصوتي) في صوت (الدال) عند الناطقين بلهجة السليمانية تمكنا في هذا البحث و وفقا للمنهج الوصفي والنظر الى بعض النصوص الادبية، وتحت مفهومي(التبادل الصوتي)و (الاستهلال الصوتى)، ان نضع تحت يدي القراء نظرة جديدة حول صوت (د) و علامتي (ده)و(ئه) للحاضر والماضي المستمر في لهجة السليمانية، واعددنا في البحث نتائج تختلف عن نتائج غيرنا من الباحثين ، و بصورة عامة فان البحث تضمن فصلين اضافة الي مقدمة و نتائج**

**في الفصل الاول الذي جاء تحت عنوان (صوت (د) تحت مفهوم (التبادل الصوتي) تطرقنا الى الكلمات التي اوردها الباحثون سابقا كنماذج لتلك الظاهرة فاوردنا نظرة جديدة حول تلك الكلمات وحول ظاهرة (التبادل الصوتي) نفسها**

**وغي الفصل الثاني الذي جاء تحت عنوان (صوت (د) تحت مفهوم (الاستهلاك الصوتي) ابدينا نظرتنا حول صوت (د) بصورة عامة و حول علامتي (ده)و(ئه) بصورة خاصة ضمن اطار ظاهرة الاستهلاك الصوتي**

## Abstract

In this research new viewpoints of the phenomena of both *sound change* and *elision of /d/ sound* have been discussed on some literary works according to the descriptive methods. The research studies ,in a new perspective, */d/ sound* and its realization as /də/ and /ʔə/ in present and past continuous tenses in Kurdish / Sulaimani accent.

we looked back at some of the words and examples in which the concept of *sound change* and *elision of /d/ sound* is discussed. We formulated and used some other results from previous researchers to give more benefit.

The research is composed of two parts in addition to the introduction and conclusion. The first part is entitled */d/ sound* under the affect of *sound change*. we looked back to some words that the previous researchers have taken them as example to discuss the issue. Our new viewpoints to the study of *sound change* is added.

The second part is entitled */d/ sound* within the concept of *assimilation*. In general, */d/ sound* is discussed concisely.The new perspective is shown particularly in both of the /də/ and /ʔə/ sound signals in present and past continuous tenses. The concept has been discussed specifically in the circle of elision phenomenon.




e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)